# یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان

# دوێنێ ، ئەمڕۆ و سبەی!

**چەند وێستگەیەک لە ئەزمونی سیاسیمدا**

**عارف کەریم**



**ستۆکهۆڵم**

2009

# ناوەڕۆک

بۆچی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت؟.......................................1
مام جەلال کێیە؟....................................................................................12
چۆن کێشەکانی ی.ن.ک چارەسەرئەکرێن؟.....................................................25
کێشەکانی ئەم قۆناخە کامانەن؟....................................................................32
ئەبێت زانیاریی ، پاراستن و ئاسایش دەزگای حکومیی بن ، نەک دەزگای حیزب!...............38
کێشە کوردستانیی و نەتەوەییەکان..................................................................40
من و یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان!...............................................................45
سەردانەکەم بۆلای سەرۆک کۆماری عێراق!.........................................................62
سەردانی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانیی لە بەغدا........................................................71

## بۆچی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت؟

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 خوالێخۆشبوو بارزانیی وبنەماڵەی بارزانیی کە بەرپرسیاریی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولیان لە ئەستۆدا بوو ، ئامادەنەبوون درێژە بە شۆڕش بدەن.
ئەوان پەکیان نەکەوتبوو لە سەر پێشمەرگە و چەک و تەقەمەنی و تفاقی جەنگیی و پارە و ئازوقە و جلوبەرگ ، بەشی چەند ساڵێکیان لەبەردەستدا بوو. بەبێ پشتبەستن بە هیچ دەوڵەتێک ، بارزانیی و بنەماڵە پاساوی زۆریان دەهێنایەوە بۆ خۆدزینەوە لە شۆڕش ، بەڵام لە ڕەخنە و بۆڵەبۆڵ و توڕەبوونی میللەت ڕزگاریان نەبوو! تەنانەت لەو دەیان هەزار چەکدارەی لە کوردستاندا هەیانبوو ، ڕازیی نەبوون چەند هەزارێکی لەدەستی خۆیاندا لێبهێڵنەوە ، یان بەرەوڕووی کەسانێکی بکەنەوە کە ئامادەبوون درێژە بە شۆڕشی کورد بدەن و لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگاری بکەن و بەرامبەر بە بەعسی فاشیست و پیاوکوژ بوەستنەوە کە دواتر کەوتنە گیانی گەلەکەمان لە شار و شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان و بە ناشیرینترین شێوە دەستیانکرد بە هەڵمەتی بەعەرەبکردن و بەعسکردن و ڕاگوێزانی خەڵکی کوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق.
ئەو کاتانە مام جەلال لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بوو ، پەیوەندیی بە شێخ عەزیزی شێخ ڕەزاوە هەبوو کە نوێنەری بارزانیی و شۆڕشی کورد بوو لەوێ و پەلەی بوو بە زوویی شتێک بکات بە شتێک و جێگەی بارزانیی و شۆڕشی کورد بگرێتەوە و خۆی ڕێبەری شۆڕشی نوێ بێت و بڕیار لە دەستی خۆیدا بێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا. بە ئاگاداریی سوریا و لیبیا و فەلەستینییەکان ، یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند لە شام و خۆشی ماڵی خۆی گواستەوە بۆ شام.

مام جەلال ، لێرە و لەوێ ، کۆمەڵێک خەڵکی کۆکردەوە و ناوی دەستەی دامەزرێنەری (ینک)ی لێنان و هەموو ئەوانە بوون کە ئەو خۆی ئەیتوانی بە ئاسانیی کۆنترۆڵیان بکات و بڕیاریان لەسەر بدات. ژمارەیەک لەوانە کۆنە جەلالیی بوون ، ژمارەیەکی تری کەسایەتی سیاسی ناسراو هەبوو کە بەدەنگ بانگەشەکەی ینک وە هاتبوون و گەیشتبوونە شام ، وەک کاک (دکتۆر مەحمود عوسمان ، شەمسەدین موفتی ، عەلی سنجاریی) و خەڵکی تر کە پێشتر لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵی سیاسی و بەرچاویان هەبوو ، ئەمانە نەکرابوون بە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ، جگە لەوە ، دەستەی دامەزرێنەر ، کەسانی سەر بە بنەماڵەی بارزانییشی تیادانەبوو ، هەڵبەتە ئاسان نەبوو بۆ مام جەلال کە ڕازیی ببێت ئەو جۆرە کەسانە بە دەستەی دامەزرێنەر دابنێت ، چونکە ئەوانە ڕێی ئەویان نەئەدا بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات و لەوانە بوو لە زۆر شتدا بیوەستێنن! من بەشبەحاڵی خۆم ئەوە بە هەڵەیەکی سیاسی و مێژوویی ئەو سەردەمە ئەزانم کە ئەبووایە حسابی بۆ بکرایە بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی لێنەکەوتایەتەوە کە بە چاوی خۆمان بینیمان.

لەگەڵ ئەوەی لەوانە بوو بارزانیی و بنەماڵەی بارزانیی لە سەرەتادا بەو پرۆژەیەی یەکیەتی ڕازیی نەبوونایە ، بەڵام لەوانە بوو دواتر شل ببوونایە و خۆیان بدایە بەدەستەوە ، چونکە حاڵیان باش نەبوو ، هەر چەندە ئێمە هەمووومان ئەو ڕاستییە ئەزانین کە سەرانی بنەماڵەی بارزانیی بە ئێستاشیانەوە ، ویستوویانە سەرۆکایەتی لە کوردستاندا بە تەنیا لە دەستی خۆیاندا بێت ، چونکە ئەوان خۆیان بە وەریسی شەرعیی بزوتنەوەی ڕزگارییخواز و ئازادییخوازیی گەلی کورد ئەزانن و هەموو حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی تر بە پلە دوو ئەزانن و ئەوە ڕەتئەدەکەنەوە ئەو شەرەفەیان بدرێتێ... ئەمە کێشەیەکی

گەورەیە و ئەبێت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئاکادێمیی زۆری لەسەر بکرێت ، بەتایبەتیی تا ئێستا ئێمە ڕزگارمان نەبووە لە سیستمی خێڵەکی لە سەرانسەری کوردستاندا ، جگە لە خراپ بەکارهێنانی یاسا و دەسەڵات لە بەرژەوەندی تاک و حیزب و توێژێکی دیارییکراو ، زۆری شەڕ و بەیەکدادانەکانی ڕابوردووش 1964-1997 کە گیانی هەزارانی لەگەڵ خۆی لولدا ، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو کێشەیەوە هەیە و بڕواشم نیە ئاوا زوو لەم بارەیەوە پیاداچوونەوە و بەخۆداچوونەوە هەبێت.
یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە ، تۆوی ناکۆکیی و ململانێ و بەیەکدادانی پێبوو ، بۆ ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکە و گران لەسەری کەوت. وەشاندنی تۆوی لەو جۆرە لە سەردەمێکی ناسکی وەک ئەوەی ساڵی 1975 دا ، ڕێکخراوەکەی دووچاری گەورەترین ململانێ و کێشەی خوێناویی کرد کە تا ئێستاش یەکیەتی پێوەی ئەناڵێنێت ، کێشە ناوخۆییەکانی ئەمڕۆش بەشێکن لەوەی دوێنێ و لێی جیانابنەوە.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆکیومێنتەکانی سەرەتای دامەزراندنی یەکیەتی ، وەک: بەیانی یەکەمی ی.ن.ک "یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟" ، پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان ، ئەتوانین ئاماژە بۆ زۆر شت (خاڵ) بکەین کە پشتگوێخراون و کاریان پێنەکراوە. لێرەدا ئەمەوێت بڵێم ناکۆکیی و لەیەکنەچوونی زۆر هەبوو لەنێوان دەقە تیۆرییەکان و پراکتیکی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەسەر دروشم و ڕێباز و ئامانجی یەکیەتی. هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیان ، جۆری بەڕێوەبردنی شۆڕشی نوێ ، دەستنیشانکردن و مامەڵەکردنی ناکۆکیی و ململانێکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا.
جارێ هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ، یەکیەتی چەند

مەسەلەیەکی گرنگی وروژاند کە ئەبووایە پەلەی تیادا نەکردایە و خۆی دور بگرتایە لێی ، وەک:

یەکەم: بەعێراقییکردنی شۆڕشی نوێی گەل و بەستنەوەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە چالاکیی سیاسی نەتەوەی عەرەبەوە لە یەمەنی دیموکراتی گەلیی و عەرەبستانی ئێران کە ناوی شۆڕشی نەتەوەی عەرەبییان لێنابوو ، هەروەها بزوتنەوەی کرێکاران و هێزی سۆشیالیست لە جیهاندا ، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلان لە دنیای سێیەمدا ، ئەویش بە دژایەتیکردنی ئاشکرای ئەمێریکا و بریتانیا و ئیسرائیل و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و شۆڤێنیستی عەرەبیی و ڕژێمی بەعس لە بەغدا.

دووەم: لکاندنی تۆمەتی جۆراوجۆر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانییەوە و دانانیان لە خانەی ناکۆکیی سەرەکییدا ، بە پاساوی ئەوەی گوایە خۆیان بەستووەتەوە بە ئیمپیریالیزم و زایۆنیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە. لەمەیاندا مام جەلال و (ی.ن.ک) کەوتنە هەڵەوە و هاوکێشەیەکی سیاسی چەوتیان دارشت و گەورەترین گورزیان وەشاند لە گیانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی کورد و ماڵوێرانییەکی زۆریان بۆ کورد هێنا. من ئەمەم لە کاتی خۆیدا لە شام ، لە نامەیەکدا خستووەتە پێش چاوی مام جەلال.

بێگومان نامەوێت دێڕ بە دێڕی ئەو تۆمەتانە دووپاتبکەمەوە ، چونکە ئامانج لەم نوسینە کولانەوەی برینە کۆنەکان نیە! ناکۆکیی سەرەکیی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی کورد تەنیا ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان ، واتە لە ساڵی 1976 بە دواوە کە شۆڕشی کورد خەریک بوو وردە وردە

دەستپێبکاتەوە ، ململانێی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمی فاشیست و خوێنڕێژی بەغدا بوو ، نەک ئیمپیریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران! پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە ئەوسا ناوی (سەرکردایەتی کاتیی پارتی)یان لە خۆیان نابوو ، (القیادة المؤقتة للحزب الدیموقراطي الکوردستاني) ، دوو ئەوەندەی یەکیەتی دژی ڕژێمی بەعسی عێراق بوون. لەبەرئەوە ڕاست نەبوو کە یەکیەتی خەڵکیان بە هەڵە تێگەیاند و ئەوانیان بە ناکۆکیی سەرەکیی لە قەڵەم ئەدا و کەوتنە ململانێ و شەڕی خوێناویی لەگەڵیاندا.

جگە لەوە ، هەڵەیەکی تری هەندێک لە سەرانی کورد لە مێژەوە تا ئەو ساڵانەی دواییش ، ئەوە بوو کە ئیمپیریالیزم و زایۆنیزمیان بە ناکۆکیی سەرەکیی دائەنا و ئەیانویست لاسایی هەندێک سەرکردەی گەلحۆ و گەوجی عەرەب بکەنەوە و قسەکانی ئەوان بجونەوە ، گوایە کەللەسەری ئیمپیریالیزمیان بۆ پانئەکەنەوە و سەرکەوتن بۆ نەتەوەی عەرەب و کورد تۆمارئەکەن!

ئا بەو عەقڵیەتەوە ، واتە (عەقڵیەتی شەستەکان) کە من کاتی خۆی ڕووبەڕوو بە مام جەلالم وتووە ، ی.ن.ک گەڕایەوە کوردستان و شەڕی هەڵگیرسان کە لە ناوەڕۆکدا (شەڕ بوو لەپێناوی شەڕدا) و شەڕ بوو بۆ قاتوقڕکردنی کورد ، چونکە ئیجتیهاداتی شەخسیی و لوتبەرزیی و خۆبەزلزانین بڕیاری ئەو شەڕەی ئەدا و دوژمنیان بیرچووبووەوە و حسابیان بۆ هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی تر نەئەکرد. شەڕی (ئێران ، عێراق ، کۆمەڵەی ئێران ، حیزبی دیموکراتی ئێران ، پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) و هەموو حیزبە کوردستانییەکانیان) کرد ، بەبێ ئەوەی حساب بۆ قەوارە و هێزی سیاسی خۆیان بکەن کە بەرگەی ئەو شەڕی خۆکوژییە ناگرن ، تا لە دوا جاردا هەموو دەرگاکان بە ڕوویاندا داخرا و لە بەغدا خۆیان بینییەوە و بە دەستی خۆیان کێشایان

بەسەری خۆیاندا.
نمونەی زۆر هەن لەسەر ڕاپەڕین و شۆڕشی میللەتان کە مەرج نیە هەر ئەبێت چەپ و پێشکەوتنخواز و مارکسیی بن ، ئەوسا پشتگیرییان لێبکەیت ، یان مەرج نیە کەسانێک یان سەرکردایەتییەک کە کاتی خۆی دۆستایەتییان لەگەڵ ئەمێریکا و ئیسرائیلدا هەبووبێت ئیتر ئەوانە گڵاون و نابێت توخنیان بکەویت. ئەگەر چاوێک بخشێنین بە کتێبەکەی جۆناسان ڕاندێل(أمة في الشقاق) کە خۆی پەیامنێری واشنتۆن پۆست بوو بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەسێکی ناسراوە لای بەڕێوەبەرایەتی ئەمێریکا ، لە لاپەڕە 251 دا باسی ئەوە ئەکات چۆن لە بەهاری 1963دا مۆسادی ئیسرائیلیی کەسێکی ڕۆژنامەنوسی نیشتەجێی پاریسی ناردووەتە کوردستان و چاوی بە خوالێخۆشبوو بارزانیی و خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەوتووە و پێشنیاری کردووە کە یەکێک بنێرن بۆ پاریس بۆ قسەکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا و دوایی لە پاییزی هەمان ساڵدا 1963 ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر داوای بارزانیی مستەفا دەچێتە پاریس و لە شوێنی دیارییکراو چاوی بە نوێنەری مۆساد ، مەناحیم ناڤۆت ، ناسراو بە ناهیک ئەکەوێت و دواتریش لەگەڵ باڵوێزی ئیسرائیل لە پاریس ، واڵتەر ئیتان ، کۆئەبێتەوە و باسی بەسەرهاتی میللەتی کوردی بۆ ئەکات و داوای هاوکاریی و یارمەتی لێئەکات ، ئەویش بڕێک پارەی ئەداتێ و دوای ئەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. من بەشبەحاڵی خۆم ئەو چاوپێکەوتن و پەیوەندییانە بە تاوان نازانم ، درکاندنیشیان لە لایەن سەرانی کوردەوە کارێکی سروشتییە و ناچنە خانەی خیانەتکارییەوە. ئەوەش بە ڕاست نازانم سەرکردەکانی دوێنێ ، لەوانەی ڕازیی بوون بچنە ژێر ئاڵای شاهانشای ئێرانەوە و لای ئەو میوان بوون و بە نان و ئاو و

جلوبەرگی ئەو بوون! جگە لە پەیوەندیی جۆراوجۆریان بەم دەزگا و بەو وڵاتەوە... لە سەردەمێکی سیاسی تردا بێن هەمان شت کە خۆیان کردوویانە ، ئەوانی تری پێ تاوانباربکەن و بیکەن بە چەکێک بۆ لێدانیان و بە شێوازی جۆراوجۆر لەکەداریان بکەن و بە بەرگێکی ترەوە بێنە مەیدان و هەڵوێست بە میللەت بفرۆشن!

وا باشتر نەبوو کە هەموو سەرانی کورد بە ئاشکرا بڵێن: ئێمە یارمەتی لە شەیتانیش وەرئەگرین بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان!

ئەم گۆڵگۆڵێنە کە دوێنی بەرامبەر بە یەکتر کردیان ، لە ئابڕووبردنی میللەت و مەسەلەی کورد بەولاوە ، چی لێکەوتەوە؟ ئەگەر ئەوان وا تێبگەن خەڵک گوێرەکەیە و حسابات و کیتاباتی ئەوان نازانن ، ئەوا با چاک تێبگەن و بیزانن کە هیچ شتێک بە ئاسانیی تێناپەڕێت بەسەر میللەتدا و خەڵک لە مێژەوە لە گەمە سیاسییەکەی ئەوان تێگەیشتووە ، ئەزانن لە کوێوە دەستی پێکردووە و تا کوێش بڕی کردووە! کێ لەوانە ، پێشکەوتنخواز و چەپ و مارکسیی بوو؟ ئەی کێی تر کۆنەپەرست و ئەڵقە لە گوێی ئیمپیریالیزم بوو؟

پێشنیار ئەکەم کە هەموو نوسەر و ڕۆشنبیرێکی کورد کتێبەکەی جۆناسان ڕاندێل (أمة في الشقاق) بخوێنێتەوە کە زانیاریی و نهێنی زۆری تیادایە لەسەر کورد و سەرانی کورد ، هەروەها بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی کورد و پەیوەندییەکانی دەرەوە.

لێرەوە ئەگەڕێمەوە بۆ ناوەڕۆکی باسەکەمان و سێ نمونە ئەهێنمەوە لەسەر ڕاپەڕینی میللەتانی تر کە ڕژێمەکانی خۆیان ڕوخاندووە ، یان داگیرکەری بێگانەیان لە وڵاتەکەیان دەرپەڕاندووە و دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و هیچ یەکێکیش لەوانە پێشکەوتنخواز و چەپ و مارکسیی نەبوون. لەوانە یەکەمیان ڕاپەڕینی گەلی ئەفگانستان بوو دژی داگیرکەران کە لێنین لە 27 ی ئایاری 1919 دا نامەیەک بۆ (أمان الله خان)

ئەنوسێت و پیرۆزبایی لە خۆی و گەلی ئەفگان ئەکات بە بۆنەی دەرپەڕاندنی داگیرکەران و ڕزگاربوونیان و وەرگرتنی دەسەڵات لە 21 ی شوباتی 1919دا. دووەمیان ڕاپەڕین و شۆڕشی مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو کە ئەفسەرێکی سوپا بوو ، لە ئەنادۆڵەوە دەستیکرد بە شەڕکردن دژی دوژمنانی گەلەکەی و وڵاتەکەی پاککردەوە لە بێگانە و لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا تورکیای نوێی دامەزراند و دوایی وەک کەسێکی فاشیست و خوێنڕێژ کەوتە گیانی گەلی کورد و چەندی بۆ کرا لە کوردی کوشت! ئەمیش نە چەپ و پێشکەوتنخواز ، نە مارکسیی بوو. نمونەی سێیەم شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو لە ساڵی 1979 دا کە ئیمام خومەینی پەنابەر و دەربەدەر ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنساوە گەڕایەوە بۆ تاران و شای ئێرانی دەرپەڕاند و ڕژێمەکەی ڕوخاند و لە جێی ئەو کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دامەزراند ، هەڵبەتە ئەویش فڕی بەسەر چەپ و مارکسیزمەوە نەبوو.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێم: حیزبە کوردستانییەکان لە بەشەکانی کوردستان هیچ کامێکیان ناکۆکیی سەرەکیی نەبوون و نابن لە گۆڕەپانی سیاسیدا و ئەبێت ئەمڕۆش ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک بە هیچ جۆرێک ناکۆکیی سەرەکیی نیە و نابێت لەبەرچاوی کاڵی دوژمنان و ناحەزانی کورد پەلاماربدرێن. ئەگەر کورد وتاری سیاسی یەک بێت و دەست هەڵبگرێت لە بێگانەپەرستیی و ڕیزەکانی خۆی یەکبخات و بەهێزی بکات ، ئەوا بەغدا و ئەنقەرە ناتوانن هیچ بەرامبەر بە کورد بکەن.

سێیەم: بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندن و لەناوبردنی ڕژێمی بەعس لە بەغدا ، هەروەها وردوخاشکردنی ئیمپیریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمەکانی سەربەوان کە ئەمەشیان هەر لە غرور و

لوتبەرزییەوە بوو ، وەک خەیاڵ و خەو وا بوو ، بەردێکی زل بوو کە بە یەکیەتی هەڵئەئەگیرا و فڕێنەئەدرا ، پارووپەکی گەورە بوو بۆی قوتنەئەدرا.

لە بیرم دێت ساڵی 1976 من و مام جەلال و برادەرێکی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ک لە ڕێگا بووین بۆ ماڵی مام جەلال ، بە دەم قسەوە برادەرەکە وتی: خوا یار بێت ساڵی 1978 ئەیانڕوخێنین! (مەبەستی ڕژێمی بەغدا بوو) ، منیش لەسەرخۆ وەڵامم دایەوە و وتم: ڕوخاندنی بەعس ئەوەندە کارێکی ئاسان نیە! ئەم قسەیەی تۆ وەک دامەزراندنی زانستگای سلێمانی وەها بوو لە ناو شاخ! کاتێک لە ساڵی 1974 دا شەڕ دەستی پێکردەوە کە هیچ بە هیچ نەکرا و فەشەلی هێنا! ئیتر نە مام جەلال و نە برادەرەکە هیچیان نەوت.

چوارەم: مام جەلال پەلەیکرد لە دامەزراندنی ی.ن.ک و کەوتە ژێر کاریگەریی ڕژێمی سوریاوە بە پلەی یەکەم کە ئەوسا دوژمنایەتی و ململانێیەکی توندیان هەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ، هەروەها کاریگەریی ڕژێمی لیبیا و هەندێک لایەنی تر.

پێش ی.ن.ک کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان هەبوو کە دوایی ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بە هیچ شێوەیەک بیری لە شۆڕش نەئەکردەوە و توانای ئەوەشی نەبوو ، تا کەوتە بەر شەق و زللەی ڕۆژگار و ئیتر چاری نەما.

هەر بۆ ئەم مەبەستە مام جەلال ئەیویست بە بانگەشە ، پەیوەندیی ، دروستکردنی مەفرەزە ، تێوەگلاندنی خەڵک ، قەرەباڵغیی دروست بکات لە گوندەکانی کوردستان و توانای خۆی و یەکیەتی پێشانبدات ، ئەو زەرفی زاتیی کوردستانی باش ئەزانی و بە باشیی لێی تێگەیشتبوو ، بەڵام بڕوای بە تیۆریی (ئەیکەین ، یان ئەفڕین ، یان ئەت..ن) هەبوو ، کە لای من ئەمەی وتووە.

پێنجەم: یەکیەتی لە پارتی هەڵپێچابوو ، داوای لێئەکرد کە ناوی خۆی بگۆڕێت ، وەک ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە کوردستان و دنیادا پێشتر بەو کارە هەڵستابوون ، بەڵام پارتی گوێی بۆ ئەو قسانە شلنەئەکرد و حسابیشی بۆ نەئەکرد. هەروەها لێی هەڵپێچابوو کە پەیوەندییە کۆنەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپیریالیزم و زایۆنیزمدا بپچڕن! و بە مەرجەکانی یەکیەتی ڕازیی ببن و واز لە ڕێبازی سیاسی کۆن بهێنن و... تد.

شەشەم: لە باسکردنی دابەشکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بەسەر ڕژێمە کۆنەپەرستەکاندا ، بە هیچ شێوەیەک ناوی حکومەتی سوریا ، لە ئەدەبیاتی یەکیەتیدا نەئەهات ، ئەوەش زیادتر بۆ ڕازییکردنی ڕژێمی سوریا بوو ، چونکە لە ڕاستییدا هیچ جیاوازییەک نەبوو لە ستراتیج و سلوکی سیاسی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیی سوریی لەگەڵ ئەوەی عێراقدا و هەردووکیان دوو ڕووی دراوێک بوون و دوژمنی سەرسەختی کورد بوون و دەبن. هەروەها بڕوایان بە کورد و کوردستان نەبووە و نیە و بە هەموو شێوەیەکیش دژی دەستکەوتەکانی کوردن. کاتێک کە سوریاش لەو کاتەدا میوانداریی ی.ن.ک-ی ئەکرد ، بە هۆی ئەوەوە بوو کە لە ململانێییەکی توندا بوو لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراقدا ، بەرژەوەندی لەوەدا بوو دۆستایەتی گەلی کورد بکات دژی ڕژێمی بەغدا ، ئەگەرنا کامەیە ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی ئەوان هەیانە بەرامبەر بە گەلی کورد.

حەوتەم: یەکیەتی لە بانگەشەکەیدا ڕێی بە تەوژم و بیروڕای جیاواز و ڕێکخراوی جۆراوجۆر ئەدا کە بیانگرێتە باوەش و کۆیانبکاتەوە لە ڕیزەکانی خۆیدا ، گوایە یەک حیزب ناتوانێت ئەوانە بگرێتە خۆی و ئەوە هەر یەکیەتییە کە ئەتوانێت بەو کارە هەڵبتسێ. کەچی لە کرداردا یەکیەتی دژی ئەو کارەی خۆی بوو ، کێشەی زۆریشی بۆ خۆی نایەوە و دوای گەڕانەوەیان بۆ

کوردستان ، ڕێیان نەئەدا بە کەسێک ، لایەنێکی غەیری خۆیان لە ناوچەی دەسەڵاتیاندا ، خەبات و تێکۆشان بکەن دژی ڕژێمی بەعسی عەفلەقیی و فاشیست.

# مام جەلال کێیە؟

مام جەلال یەکێکە لە سیاسییە دێرینەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا ، پێشتر کەسایەتییەکی ناسراو بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی عەرەبییدا ، ئێستاش لەوەتەی سەرۆککۆماری عێراقە ، بووە بە کەسایەتییەکی ناسراو لە ئەوروپا و ئەمێریکا و دنیادا.

مام جەلال لە تەمەنی لاوییەوە ، لە کۆتایی ساڵەکانی چلەکانەوە خەریکی خەبات و تێکۆشانە ، بە هۆی چالاکیی و وریایی خۆیەوە لە تەمەنێکی خوار بیست ساڵییەوە بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەو کاتانەی خوالێخۆشبوو بارزانیی لە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بوو ، مام جەلال توانیویەتی بە نامە پەیوەندیی پێوە بکات ، نامەیەکیان (کە لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتێکی سیاسی گشتییە دەربارەی بارودۆخی حیزب و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی عێراق و کوردستان ، لەو کاتەدا) ، لە 1955-10-05 دا لە پەکینی پایتەختی چینەوە بۆی ناردووە و ئەوی تریان هەر لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆی ناردووە و مێژووی 1957-07-30ی لەسەرە. لە هەردوو نامەکەدا بارزانیی بە سەرکردە و جەنەڕاڵ و گەورە و خۆشەویست ناوئەبات و وای پێشانئەدات کە هیچ شتێک بەبێ ئەو ناکرێت! ئەو دوو نامەیە لە کتێبەکەی کاک مەسعود بارزانییدا (البارزاني والحركة التحررية الكردية 1945- 1958) بڵاوکراونەتەوە.

مام جەلال فیکر و ئایدیۆلۆجیا و ڕێبازی سیاسی نیە ، بەڵام لە ژیانی سیاسی خۆیدا گەلێک ڕێباز و ئایدیۆلۆجیای جیاوازی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و کاری لەسەر کردوون و خۆی ساخکردووەتەوە و تا ئەو جێیەی دەستی دابێت بۆی و بۆ ئەو قۆناخەی

ویستوویەتی و پێویستی پێی بووبێت ، پەنای بردووەتە بەر ، دواییش کە ئیشی پێی نەماوە ، پشتی تێکردووە و لەبیر خۆی بردووەتەوە!

ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێت و ئەتوانیت بە ئاشکرا لە کەسایەتی ئەودا بیخوێنیتەوە ، ئەوەیە کە مام جەلال لە ژیانی سیاسیدا پەیڕەویی دوو شێوە لە کاری سیاسی کردووە و بە توندیی خۆی پێوە بەستووەتەوە: یەکەمیان سیاسەتی(فرق تسد) ، واتە بڵاوەیان پێبکە و بیاندە بەیەکدا و خۆت سود وەربگرە و ڕیشسپی بە. دووەمیان پەنای بردووەتە بەر بەشێک لە کار و سیاسەتی ماکیاڤێللی ، واتە گرتنی ملی هەموو ڕێگایەک (ئەگەر هەڵە و دەرچوونیش بێت لە ڕەوشتی سیاسی و بەها و شتە بەنرخەکان) لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیارییکراو ، واتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەر ئامراز و هۆکارێک بەکاربهێنرێت ، درێغیی نیە.

ڕێبازی نیکۆلۆ ماکیاڤێللی (1469 – 1527) بەگشتیی لەمانەی خوارەوەدا ڕەنگی داوەتەوە:

- خۆت خۆش بوێت ، نەک نیشتمان.
- باشتر وایە خەڵک لێت بترسن نەک خۆشتیان بوێت.
- میر کار ناکات بۆ ڕۆشنبیرکردن و ڕوناککردنی دەوروپشتەکەی.
- دنیا ڕاوەستاوە و ئەبێت هەر وەک خۆی بێت.
- پێویست نیە مرۆڤ هەمیشە شەریف بێت.
- سودی نیە مرۆڤ هەر بە سیمای چاکە و پیاوەتییەوە دەربکەوێت.
- پێویستە میر ئایینێک بۆ خۆی هەڵببژێرێت ، ئەگەر بزانێت بۆگەنیشە.
- ئایین پێویستە بۆ حکومەت ، نەک بۆ چاکەکردن و خزمەتی خەڵک ، بەڵکوو بۆ ئەوەی حکومەت باڵی خۆی بەسەر خەڵکدا بکێشێت و کۆنترۆڵیان بکات.

- ڕۆژگار دەریانخستووە کە پەیامبەرە چەکدارەکان داگیرکەر و سەرکەوتووبوون و پەیامبەرە بێ چەکەکانیش دۆڕاو بوون.
ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە ، مام جەلال لە سەردەمی پاشایەتی و پاش شۆڕشی 14ی گەلاوێژی1958 وە ، وەک کەسێکی چەپ و کوردستانیی و تا ڕادەیەکیش مارکسیی ئاشکرا بوو.
مشتومڕ و ململانێکانی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و شیوعیەکاندا بەردەوام بوو. بە بیرم دێت لە دوای مۆڵەتدانی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە لە 9 ی شوباتی 1960دا، ئەو دوو پۆلی کردبووەوە لە بارەگای خەباتی شاری سلێمانی بە ناوی هۆشیارییەوە کە جاروبار ئەهاتە ئەوێ و قسەی بۆ ئەندامانی حیزب ئەکرد و منیش کە بە تەمەن مناڵ بووم ، بەڵام ئەندامی حیزب بووم ، ئەچووم گوێمئەگرت و قسە و باسەکانیش زۆری لەسەر حیزبی شیوعی عێراق و لقی کوردستانیان بوو. ڕاستییەکەش وا بوو کە شیوعییەکان لە لای خۆیانەوە کەوتبوونە دژایەتیکردنی ئاشکرای پارتی و خەباتی کوردستانییان ڕەتئەکردەوە ، هەرچەندە گوێیان لە ناوی کوردستان و نەتەوەی کورد بووایە ، توشی داچڵەکان ئەبوون و ڕازیی نەبوون و لە دژی ئەوەستانەوە. هەڵبەتە لەم سالانەی دواییدا ، پاش نەمانی شەڕی سارد و هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەلات ، هەرچەند چاوم کەوتبێت بە هەندێک لە سەرکردە کۆنەکانی حیزبی شیوعی عێراق و کوردستان ، لەوانەی من ئەیانناسم ، دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە کاتی خۆی دەروێشێکی سەرگەرم و کوێرانەی کرێملین بوون لە مۆسکۆ ، هەروەها ئەو ڕاستییەش ئەسەلمێنن کە حیزبەکەیان هیچ سەروەرییەکی نەبووە جگە لە کلکایەتی بەولاوە بۆ حیزبی شیوعی سۆڤیەتی جاران کە لە دواجاردا ماڵوێرانیی بۆ هێنان و گەورەترین گورزیشی وەشاند لە حیزبە کۆمونیستەکانی سەربە خۆیان لە

جیهاندا. کۆمونیستەکان ناترسن ڕەخنە لە خۆیان بگرن.
لە ئەیلولی1961دا کە شۆڕشی کورد بەرپابوو ، مام جەلال ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی تێکۆشان بوو ، بە خێرایی و لە ماوەیەکی کورتی دوو ساڵییدا ، جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک ڕێبەرێک ناسییان ، ئەم جارەیان مام جەلال کوردستانیی و تا ڕادەیەک خۆی بەستبووەوە بە خەباتی نەتەوەییەوە!
لە ساڵی 1964وە کە سەرەتای تێکچوون و لەتبوونی پارتی بوو لەنێوان (باڵی پارتی- مەکتەبی سیاسی و باڵی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانیی) ، تا ئاداری 1970 کە بارزانیی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ڕێککەوت ، مام جەلال چەند گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات ، لەوانە: پاش شەڕ و پێکدادانێکی کورت لەگەڵ هێزەکانی سەر بە باڵی بارزانیی لە 1964 دا ، مەکتەبی سیاسی بە مام جەلالیشەوە ڕازیی بوون کە بچنە خاکی ئێرانەوە و میوانی شاهانشای ئێران بن کە پێشتر لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیاندا بە ڕژێمێکی کۆنەپەرست و ئەڵقەلەگوێی ئیمپیریالیزم ناویان ئەبرد.
باڵی مەکتەبی سیاسی پ د ک لە ساڵی 1965 دا ، بە ئاگاداریی ئێران لەگەڵ بارزانیی ڕێککەوتن و گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە دۆڵەڕەقەی عەباسی مامەند ئاغا دایانکوتا ، بەڵام زۆری نەبرد خۆیان گەیاندە بەغدا و لەگەڵ سەرۆک عەبدولرەحمان عارف دا ڕێککەوتن لەسەر بەیانی 29 ی حوزەیرانی 1966 کە دەستکەوتێکی تا بڵێی هیچ و پوچ و بێکەڵک بوو بۆ کورد.
ساڵی 1967 مام جەلال لە بەکرەجۆ ئاهەنگی ستایش و ڕێزلێنانی سازکرد بە بۆنەی شەهیدبوونی شۆڕشگێری ناوداری جیهانیی ، ئارنستۆ چێ گیڤارا کە لە بۆلیڤیا شەهیدکرا.
ساڵی 1968 دکتۆر کۆرش لاشائی و گروپەکەی (کە ڕێکخراوێکی

ماویی بوون) بە یەکجاریی لە ئێرانەوە هاتنە کوردستان و لە بەکرەجۆ ، بوون بە میوانی مام جەلال. مام جەلال لەو کاتەوە ئەبێت بە کەسێکی ماویست و کار بۆ بڵاوبوونەوەی ماویزم ئەکات و بە تاقیکردنەوەی وڵاتی چین ڕازیی ئەبێت بۆ شێوەی خەبات و تێکۆشان لە کوردستاندا. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پ د ک- باڵی مەکتەبی سیاسی ، بوون بە هەڵگری بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگ کە لەو سەردەمەدا ناکۆکیی و ململانێی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن. بەندە یەکێک بووم لە ماوییەکانی ئەو کاتە.

شانبەشانی ئەوەی مام جەلال فیکر و ئایدیۆلۆجیای نیە ، لەوەتەی سیاسەت ئەکات خاوەنی ئامانجێکی ستراتیجیی ڕون و ئاشکرا و نەگۆڕیش نیە ، چ ئەوەی پەیوەندیی بە مەسەلەی نەتەوەیی و کوردستانییەوە هەبێت ، یان کاری حیزب و ڕێکخراوەیی و ئیلتیزاماتی یەکیەتی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی تر لە کوردستان و عێراقدا ، هەروەها پەیوەندییەکانی دنیای دەرەوە. کەسێکی بێباک و بێ بەرنامەیە، لە کاتی قسەکردن و کارکردندا بێسەروشوێنیی لێ دەخوێنیتەوە ، چونکە پەنادەباتە بەر شێوازی جۆراوجۆر ، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە کەس بداتەوە ، ئەمە لە کاتێکدا دەیان ڕاوێژکاری هەیە ، جگە لە سەرکردایەتی یەکیەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

لەبەرئەوە مام جەلال بە پیاوی تاکتیک و موناوەرات و سازشکار ناسراوە کە لە زۆر جاردا گایەک ئەدات بە کوشت لەپێناوی کێچێکدا!

لە پرۆگرام و پەیڕەویی ناوخۆی ی ن ك دا باسی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و ناوەندییەتی و ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن و ڕاگۆڕینەوە و گوێگرتن لە یەکتر کراوە ، وەک پشتبەستن بە پرینسیپەکانی دیموکراتی لەناو ڕێکخراوەکەدا ، هەروەها

ڕێزگرتن لە ڕای ئازاد و دیموکرات...تد ، کەچی لە مەیدانی کارکردندا بە هیچ جۆرێک کاریان پێنەکراوە و نەشچوون بە لایدا، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ی.ن.ک کاریگەریی کەلتوری ئیسلامیی توندڕەو و حیزب و ڕێکخراو و سەرکردە تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و حیزبە شیوعییەکانی سەربە سۆڤیەت و حیزبی شیوعی سۆڤیەتیان لەسەر بوو ، ئەگەر نەڵێم لەسەدا سەد لاسایی ئەوانیان ئەکردەوە ، ئەوا لە زۆر شتدا وەک ئەوان وابوون.

جارێ دەربارەی چۆنیەتی دروستبوونی ی.ن.ک ، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، هیچ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر لە ڕێی تێکۆشان و خەباتی جەماوەریی و هەڵبژاردنێکی ئازادەوە نەبووە بە سەرکردە و هەموویان مام جەلال دایمەزراندوون و تا ئێستاش پاش 33 ساڵ هەر سەرکردەن و وازناهێنن ، جگە لەوە بە درێژایی 33 ساڵ ی.ن.ک نەیتوانیوە لە دوو کۆنگرە زیادتر ببەستێت و خۆی نوێبکاتەوە ، دەرفەتی نەڕەخساندووە کادێری پێشکەوتوو ، دەستەبژێر بەرهەمبهێنێت بۆ ئەوەی جێگەی کۆنەکان بگرنەوە و بە بەرگێکی نوێوە بێنە مەیدان و فێری خەباتی هاوچەرخ ببن و خەریکی گۆڕانکاریی ببن و لە خزمەتی گەلەکەیاندا بن ، بۆیە ئەتوانم بڵێم کە ی.ن.ک کارگەیەک بوو تەنیا دیکتاتۆر و گەندەڵی بەرهەم هێنا ، گەندەڵەکانیش ئەم ڕۆژەیان دروستکرد کە میللەتێک هاواریەتی بە دەستیانەوە و لێیان بێزارە و داد و بێدادیەتی.

زۆر زەحمەتە ، قورسە ، نابەجێیە ، سەیروسەمەرەیە ، گەندەڵ وڵاتێک و میللەتێک ببات بەڕێوە و بەخەڵکیش بڵێن: دەمتان قفڵ بکەن و بێدەنگ بن!

سیستمی بەڕێوەبردن لە کوردستاندا تایبەتە و نەخۆشە و وێنەی نیە لە هەموو دنیادا ، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم کە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەناو ڕیزەکانی یەکیەتیدا نەبووە و نیە ، مەرکەزیەت و

بڕیار بە تەنیا لە شەخسی مام جەلالدا کۆبوونەتەوە.
دەربارەی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن ، ئێستا تا ڕادەیەک بووە بە دیاردەیەک و لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخستنەکانی یەکیەتی سەریهەڵداوە ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکیەتی داوای چاکسازیی و پاکسازیی و گۆڕان و دورخستنەوەی گەندەڵەکان ئەکەن لە دەسەڵاتی حیزبیی و حکومیی ، داوای ڕونیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی دەسەڵاتی حیزب ئەکەن لە ناو حکومەتدا ، بۆ ئەوەی یاسا و دەستور سەروەربن ، داوای دابەشکردنی سامان و دەسەڵات ئەکەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ، داوای پڕۆژەی خزمەتگوزاریی ئەکەن بۆ میللەت ، هەروەها بەرنامەیەک بۆ نەهێشتن ، یان کەمکردنەوەی بێکاریی لە کوردستاندا ، لەگەڵ زۆری تر کە کەس گوێی بۆ ناگرێت...
لەپاڵ هەموو ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەدا تێبینی ئەوە ئەکرێت کە مام جەلال تا ئێستا هێڵی سورە و نابێت بە لایدا بچیت! نە ئەندامانی سەرکردایەتی و نە ئەندامانی خوارەوە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نیە بە مام جەلال بڵێن: بۆ وات کرد؟ بۆ وات وت؟ بوەستە ئەمە سنوری تۆیە! جگە لەوە نە مام جەلال و نە سەرکردەی هیچ حیزبێکی تری کوردستانیی ، ئامادەنین بەرەوڕووی جەماوەر ببنەوە و دان بە هەڵە و تاوانەکانی ڕابوردووی خۆیاندا بنێن کە سەری هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتەیان خواردووە و ڕەخنە لە خۆیان بگرن و داوای لێبوردن لە میللەت بکەن! ئەوان ئەمە بە سوکایەتی ئەزانن و ئامادەنین جێبەجێی بکەن.
سەروەختێک ڕەخنەگرتن لە مام جەلال و سەرکردایەتی هێڵی سور بوو ، سزاکەی قورس بوو ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکیەتی سوکایەتییان پێکرا و دەرپەڕێنران بە هۆی ئەوەی ڕەخنەی بەجێیان گرت ، ژمارەیەکی تر ڕاونران ، یان چاڵیان بۆ هەڵکەنرا،

ژمارەیەکی تر کەوتنە زیندانی یەکیەتییەوە و هەرچی سوکایەتیش هەبوو پێیانکرا ، ئەمە ئەگەر هیچ نەگەیەنێت ، ئەوە ئەگەیەنێت کە ی.ن.ک لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیەوە ، تا ئێستاش ، کەلتور و فەلسەفەی داپڵۆسینی پێبووە و بە باشییش پەیڕەوی کردووە ، تا کار گەیشتووەتە ڕادەی لکاندنی تۆمەتی ناشیرین و لە ڕەوشت بەدەر بە تەوێڵی ئەو کەسانەی ڕەخنە ئەگرن ، هەروەها بە تەوێڵی خێزان و کەسوکاریانەوە.
برادەری سەرکردایەتی یەکیەتی هەبووە کە کاتی خۆی لای من وتوویەتی: ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت لە خانەی دوژمندا حسابی بۆ ئەکەین! بەڵام منیش خێرا لە لای خۆمەوە بەپێچەوانەی خواست و بۆچوونی ئەوەوە وەڵامم داوەتەوە!
ئێستاش گران ئەکەوێت لەسەر ئەندامێکی یەکیەتی ، ئەگەر خۆی بدات لە مەسەلە چارەنوسییەکان و هێڵی سور تێبپەڕێنێت کە ئەویش بە پلەی یەکەم شەخسی مام جەلال ئەگرێتەوە ، ڕەنگە لێرە و لەوێ ، هەندێک لە سەرکردە کۆنەکان ، دۆستانی دێرینی یەکیەتی ، نزیکەکانی سەربە مام جەلال ، گازندە و گلەییان لە یەکیەتی و شەخسی مام جەلال هەبێت ، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە کاری بۆ ناکەن و خەڵکی بۆ کۆناکەنەوە و ململانێی لەسەر ناکەن، ئەوا قسەکانیان بە هەند وەرناگرن و مام جەلال و یەکیەتیش دەربەست نایەن! ئەمانە ژمارەیەکی دیارن لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ، ڕێزیان هەیە لای ی.ن.ک ، گوێیان لێئەگیرێت ، چونکە هێڵی سور تێناپەڕێنن و سیاسەتی نە شیش بسوتێت و نە کەبابیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. هەندێک لەو برادەرانە بە ڕەخنە ڕازیی نین و پێی دائەچڵەکن ، چونکە پەروەردەی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕ و چەپخوازانە نەبوون و لەژێر کاریگەریی سیاسەتی یەکیەتی و مام جەلالدا بوون.
خەسڵەتێکی تر کە لە شەخسی مام جەلالدا کۆبووەتەوە ، ئەوەیە

کە سایکۆلۆجییناسێکی زیرەکە و بە خێرایی دەرونی زۆربەی خەڵک ئەخوێنێتەوە و لە کەسایەتی لاواز و بەهێز شارەزا ئەبێت و مامۆستایەکی شارەزایە لە بواری تاقیکردنەوەی خەڵکدا و گەڕان بە دوای ئەڵقە لاوازەکانیاندا بۆ ئەوەی بە ئاسانیی لێیانەوە بچێتە ژورەوە و بەکاریانبهێنێت بۆ مەبەست و مەرامی شەخسیی خۆی.

ئەوانەی بەو شێوەیە ئەکەونە داوی مام جەلالەوە ، بە ئاسانیی ڕزگاریان نابێت لێی و تا ڕادەیەک ئەبنە موڵکی خۆی ، بێگومان ئەویش جاروبار بەرامبەر بەو کارە ، بۆیان شل ئەکات و هانیانئەدات ، یان ڕێیان پێئەدات بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن ، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات ، تا لە دواجاردا ئەکەونە لیستی خۆیەوە ، هەر بۆ ئەو مەبەستە پێی خۆشە ئەوانەی دەوروپشتی خۆی ، هەموو لەکەدار و ناتەبا و ناڕێک بن لە ناو یەکدا ، بەو مەرجەی لەگەڵ خۆیدا تەبا و جوت و ڕێک بن و وەک مەرجەع و ڕیش سپی پەنای بۆ ببەن و حسابی بۆ بکەن. ئا لێرەوە یەکیەتی ماڵی وێران بووە ، کە تا ئێستاش خۆی بۆ ناگیرێتەوە و هەریەکە خەریکی پاشقولگرتنە لەوی تر.

هەر دەربارەی ئەو خاڵە ، ئەمەوێت بڵێم بە تەنیا مام جەلال خەتابار نیە کە یەکیەتی ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشتووە ، دیارە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی دەوروپشتی هاوکارن و زەمینە خۆشئەکەن و ڕێگای بۆ پاکئەکەنەوە ، بۆ نمونە ئەوانەی لە کاتی خۆیدا ناکۆک بوون لەگەڵ مام جەلال و یەکیەتی و لە ململانێییەکی بەردەوامدا بوون و پەڕتوکی (لم یعد الصمت ممکنا)یان نوسی ، هەر ئەوان بوون ، بەرژەوەندی شەخسیی و دەسکەوتی تایبەتیی پاڵی پێوەنان کە ڕابکەنەوە بۆ لای یەکیەتی و مام جەلال ، بە مەرجێک زۆر چاک ئەیانزانی کە یەکیەتی و مام جەلال ، هەر ئەوەی جارانە ، ئەگەر خراپتر نەبووبێت ، ئەوا

باشتر نەبووە! زۆرێک لەوانە بە پلە و پایەی وەزیر و وەکیل وەزیر و پلەی وەزیر دامەزران و کەوتنە چەپڵەلێدان بە دوای مام جەلالدا و ئامادەبوون بە هەر دە پەنجەکەیان ئیمزای بۆ بکەن و میللەتیش تاوانبار بکەن بە بێئەقڵ و گوێرەکە ، گوایە ئەو وەزعە وای لێهاتووە.

من بەشبەحاڵی خۆم ئەو جۆرە کەسانە بە ملهوڕ و مشەخۆر و ماستاوچی ئەزانم ، هەر هەموویان لە خەمی خۆیاندان و بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا ڕائەکەن و فڕیان بەسەر مەسەلەی میللەتەوە نیە ، هەر ئەوان بوون دوێنێ و پێرێ چوونە ڕاژان ، بە خێوەت و ئازوقە و نەختێک پارەی پارتی ، لە ڕادیۆکەی ڕاژانەوە هێرشیان ئەکردە سەر مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و سەرکردایەتی یەکیەتی و ئەیانویست لەوێوە یەکیەتی بڕوخێنن!

بەڵام دوایی کە جێیان نەبووەوە لە بەرەی کوردستانییدا کە لە دوای ئەنفال و کیمیاییبارانی هەڵەبجە پێکهێنرا ، پایدۆستیان کرد و هاتنەوە بۆ لای یەکیەتی.

هەندێک لەوانە کاتی خۆی کە دۆست و برادەری من بوون لە سوید، قسەیان لەگەڵمدا کرد بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکەم و هاوکاریان بم ، لە وەڵامدا ، (لەگەڵ ئەوەی من بڕیاری دانیشتنم دابوو) ، پێیانم وت: بمبەخشن ناتوانم ، بەڵام پێش هەموو شتێک ئەبێت ئێوە خەڵکتان هەبێت لە کوردستان و جەماوەر لە پشتان بێت ، ئەوسا بەو کارە هەڵبستن و هەنگاو بنێن ، ئێوە بەم شێوەیەی ئێستا بە یارمەتییەکی کەمی پارتی لە ڕاژان ، دەرەقەتی مام جەلال و یەکیەتی نایەن و باشتر وایە هەر ئەو کارە نەکەن ، جگە لەوە تا ئێستا ئێوە خۆتان ساخ نەکردووەتەوە، خەباتی کوردستانیی ، یان عێراقچێتی ئەکەن! ئەو برادەرانە بڕێک پارەیان لە من قەرزکرد ، بۆ ماوەی سێ هەفتە ، بەڵام بە سێ ساڵ پارەکەیان دایەوە! ئەوتۆمۆبیلەکەشمیان قەرزکرد و

بۆیان نەهێنامەوە بەر دەرگای ماڵەوە و لە شوێنێکی تر فڕێیاندابوو ، خۆم چووم هێنامەوە!
شتێکی تری گرنگ هەیە کە لە شەخسی مام جەلالدا بەزەقیی ئەبینرێت و بۆی زەحمەتە دەستی لێهەڵبگرێت ، ئەوەیە ئەو کاتانەی بەرەوڕووی مەسەلەیەکی نهێنی و گرنگ ئەبێتەوە لەگەڵ دەوڵەتێک ، حیزبێک ، لایەکی سیاسیدا ، توانای ئەوەی نیە دان بە خۆیدا بگرێت و نهێنییەکە بپارێزێت ، لەو ڕووەوە لاوازە و زۆری پێناچێت درکاندوویەتی و هەموو دنیای لە خۆی تێگەیاندووە و دوایی زۆر کەوتووە لە سەری و بەزەرەری خۆی و ڕێکخراوەکەی و میللەتەکەی تەواو بووە.
لە کاری سیاسیدا ، سەرکردایەتی حیزبێک ، ڕێکخراوێک ، حکومەتێک ، بەرەوڕووی زۆر شت ئەبێتەوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە مەسەلەی ئاساییشی نەتەوەیی ، سیاسەتی دەرەوە ، ڕێککەوتن و هاوکاریی ئابوری و سەربازیی... تد ، زۆرێک یان بەشێک لەوانە ، نهێنین و پاش تێپەڕبوونی دە ، تا بیست ساڵ ، ئەوسا ئەتوانیت بیاندرکێنیت ، ئەگەر وا نەبێت ، ئەوا نەخشە و پلان و بەرنامەکان هەموویان تێکئەچن و زیانێکی زۆرت لێئەکەوێت.
کارێکی تری مام جەلال کە جێی ڕەزامەندیی یەکیەتی و میللەت نیە ، ئەوەیە کە زیاد لە پێویست بە دوای ناحەزان و دوژمنانی میللەتەکەماندا ڕائەکات و ئەیەوێت بە هەر نرخێک بێت ڕازییان بکات ، لەسەر حسابی مەسەلەی میللەت! بەوەشەوە نەوەستاوەتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە جەللاد و جاسوس و خۆفرۆش و پاشەڵپیس و دز و جەردەی لە خۆی کۆکردووەتەوە و بەبێ حساب کە هەموویان ڕابوردوویەکی ڕەشیان هەیە و میللەت پێیان ڕازیی نیە ، بەڵام ئەو بە گەرمیی پێشوازییان لێئەکات و بەرەوپیریان ئەچێت و ڕێزیان لێئەگرێت و بەرامبەر بەوەش گوێ

ناداتە خەڵکی پاک و ڕەوشتبەرز و تێکۆشەر. جگە لەوانەی سەرەوە ، کارکردنی مام جەلال لەسەر عێراقچێتی و بەعێراقییکردنی کێشەکان (بەتایبەتیی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان) ، زیانێکی زۆر لە کورد ئەدات و بە هۆیەوە مەسەلە کوردستانیی و نەتەوەییەکان ، هەموویان کاڵ ئەبنەوە و دوژمنانی ئێمە سودیان لێوەرئەگرن. چاکتر وایە مام جەلال و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ، لە هەوڵی ئەوەدا بن پشت بە میللەت ببەستن و بە هاوکاریی ئەوان هەنگاوبنێن و واز لەو پڕۆژە و پێشنیارانە بهێنن کە ناحەزان و دوژمنانی ئێمە بۆ کوردی دائەڕێژن ، بەپێچەوانەی ئەوەوە ، میللەت و جەماوەر ئەکەونە بەلەمێکەوە و دەسەڵاتی سیاسیش لە بەلەمێکی تردا.

ئەوانەی سەرەوە بەشێکی گرنگن لەو هۆکار و فاکتەرانەی کە درز و کەلەبەر و دەلاقەی گەورەیان خستە ناو ڕیزەکانی یەکیەتییەوە، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئێستا و ڕێکخراوەکە بە هۆیەوە دووچاری کۆسپ و تەنگوچەڵەمەو پارچەپارچە بوون و ناوەندی سیاسی جۆراوجۆر بووە و بەرژەوەندی تاک و کوتلەی بەهێز باڵی کێشاوە بەسەر بەرژەوەندی حیزبدا و هەر کەسە بە دوای دەسکەوتی خۆیدا ڕائەکات و لە خەمی خۆیدایە ، مەسەلە کوردستانیی و نەتەوەییەکان ، یان باشتر وایە بڵێین مەسەلە چارەنوسییەکان ، نرخ و بایەخی ئەووتۆیان نەماوە و کاڵ بوونەتەوە و وردە وردە خەریکە لە بیرئەچنەوە! باوکسالاریی باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندییەکانی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن و بوونەتە پەیوەندیی نێوان ئەفسەر و سەرباز ، ئاغا و دەرەبەگ و جوتیار ، کرێکار و سەرمایەدار کە تێکڕا زەمینەیان خۆشکردووە بۆ ئەوەی کەسێکی وەک سکرتێری گشتیی بەرهەم بهێنێت و بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات ، بێ ئەوەی گوێ لە کەس بگرێت ، یان حسابیان بۆ بکات.

دەسەڵاتی بێسنوری ئەو گەیشتووەتە ڕادەیەک ، کەسەکان بە ئارەزووی خۆی بدات بە یەکدا ، باڵ و تەکەتولیان لێ دروستبکات و چۆنی بوێت یارییان پێبکات و خۆشی بەهێزترینیان بێت ، بە شێوەیەک کە کەس نەتوانێت لە ئاستی ئەودا وشەیەک بڵێت ، جوڵەیەک بکات ، بەتایبەتیی لە کۆنەوە و تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی ، دارایی و پارەوپول ، ڕاگەیاندن ، هێزی پێشمەرگەی لە دەستی خۆیدا هێشتووەتەوە.

# چۆن كێشەكانی ی.ن.ك چارەسەرئەكرێن؟

بۆ ئەم بەشەی دوایی وتارەكەم ، ئەمەوێت لە دوو تەوەرەوە لەسەری بنوسم ، یەكەمیان: كێشە ناوخۆییەكانی یەكیەتی و دووەمیان: كێشە كوردستانیی و نەتەوەییەكان.

دەربارەی یەكەمیان هەموومان ئەو ڕاستییە ئەزانین كە ئەمڕۆ ی.ن.ك لەناو خۆیدا بەشبووە بۆ باڵی سیاسی و تەكەتول و تاقم تاقمێنە ، سكرتێری گشتییش یەكێكە لە بەهێزترینی ئەو كوتلانە و لەسەرووی هەموویانەوەیە و بڕیار لە دەستی خۆیدایە. ناكۆكیی و ململانێكانی ناو كوتلەكان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی و فیكریی نیە ، واتە كوتلەیەك نابینیت خۆی بە هەڵگری ئاوات و خواستەكانی خەڵكی هەژار و زەحمەتكێش و لێقەوماوی كوردستان بزانێت و نوێنەری ڕاستینەیان بێت و داكۆكیی لە بەرژەوەندەكانیان بكات كە زۆربەی گەلەكەمان پێكئەهێنن! ئەوەی لەناو یەكیەتیدا بە ئاشكرا ئەبینرێت ، بریتییە لە دوو بەرە ، یەكێكیان داوای چاكسازیی و پاكسازیی فرەوان ئەكات ، بەپێی بەرنامەیەك كە حكومەت و حیزب بگرێتەوە.

بەرەكەی تریشیان كە توێژێكی تازەدەوڵەمەند و پارێزگارە ، پشتگیریی لە گەندەڵیی و دەسەڵاتی تاكەكەس و دیكتاتۆریەت ئەكات و ڕازیی نیە مل بنێت بۆ خواست و بەرنامەی لایەكەی تر و نایەوێت هەرچی ئەوان داوای ئەكەن ، بۆیان جێبەجێبكات كە خۆی ئەنوێنێت لە سیاسەتی ڕون و ئاشكرا (شەفافیەت) و هاتنەدەرەوە لە ژورە تاریكەكان ، دابەشكردنی دەسەڵات بە شێوەیەكی دادپەروەرانە ، جیاكردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حكومەت ، ئاشكراكردنی چۆنیەتی خەرجكردنی بودجەی سالانە كە موڵكی میللەتە ، دادی كۆمەلایەتی و زۆری تر... لێرەدا نامەوێت لەسەر یەك بە یەكی ئەو خالانە بوەستم و لەسەریان

بنوسم و دووپاتیانبکەمەوە ، چونکە زۆریان لەسەر نوسراوە.
ڕەنگە مام جەلال لەبەر ڕای گشتیی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و لە ترسی چاوی ئەوان و تا ڕادەیەک بۆ ڕازییکردنی خەڵک و بەرەکەی تر ، پەنابباتە بەر هەندێک لە جوانکاریی و دیکۆر لەناو یەکیەتی و حکومەتدا ، بەڵام بەو شێوەیەی بە قازانج و بەرژەوەندی خۆی کۆتایی دێت. زەحمەتە ئەو مل بنێت بۆ هەموو شتەکان ، چونکە ئەیەوێت هەموو سەرەداوەکان لە دەستی خۆیدابن. هەڵبەتە ئەمە پەیوەندیی بە دنیابینیی مام جەلال خۆیەوە هەیە بۆ مەسەلە و کێشەکان ، دیاردە و کەسەکان کە کاردانەوەی بیر و لێکدانەوە و فەلسەفەکانی دوێنێ و پێرێن و ساڵانێکی درێژی بەسەردا تێپەڕبووە و باوی نەماوە و تۆزی زۆری لەسەر نیشتووە.
بە پێچەوانەی ئەوەوە ، ئەبووایە مام جەلال چ وەک سەرۆککۆمار و چ وەک سکرتێری گشتیی ی.ن.ک لە مێژەوە لە هەوڵدانێکی بێوچاندا بووایە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی یەکیەتی لە سەرەوە تا خوارەوە ، ڕێی نەدایە ناکۆکییەکان بتەقنەوە بە ڕووی هەمووواندا، لەباتی ئەوەی خۆی ببێتە کوتلە و کوتلەبازیی بکات و پشتگیریی لایەکیان بکات و چەپڵەیان بۆ لێبدات و بیانکات بەگژ لایەکەی تردا ، بهاتایە وەک برایەک و بەرەوپیری لایەکانی تریش بچووایە و چارەسەری کێشەکانیانی بکردایە کە کلیلەکە لای خۆیەتی و ئامادە و گۆشی بکردنایە بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی بەلاداخستنی مەسەلە چارەنوسییەکان و بەپیرەوەچوونی خەڵکی زەحمەتکێش و لێقەوماوی کوردستان ، بەتایبەتیی قوربانییانی ئەنفال و گازی کیمیایی کە زۆر کەمیان بۆ کراوە لەچاو ئەوەی چاوەڕوانئەکرا.
ئێستا یەکیەتی ئەندامی سوسیال ئینتەرناسیۆنالە و مام جەلالیش یەکێکە لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە ، ئەگەر

مام جەلال بیەوێت شانازیی بکات بە ئەندامەتی خۆی لەو ڕێکخراوەدا ، ئەبێت لەپێش هەموو شتێکدا بڕوای بە دیموکراتی و بیری ئازاد و گۆڕانکاریی هەبێت ، بۆ ئەوەی بەرنامەی کارکردنی یەکیەتی لەگەڵ بەرنامەی کاری ڕێکخراوە جیهانییەکە جوت و گونجاوبێت. هەروەها ئەبێت مام جەلال بە شێوەیەکی مۆدێرن ، بە پەنابردنە بەر سیاسەتی هاوچەرخ ، بە مەنتیق ، بەرەوڕووی ڕەخنەی کەڵەکەبوو و کێشەکان ببێتەوە ، تا لەو ڕێگەیەوە توانا و هێزی خۆی پێشانبدات ، نەک پەناببات بەر پەلامار و شاڵاو و بەکارهێنانی وشەی ڕەش ، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی خراپی ئەبێت لەسەر خۆی و ئەندامانی ڕێکخراوەکە. ئەبێت خۆی دور بگرێت لە گوێگرتن بۆ ماستاوچی و قسەهێنەرەکان و دەست بە سنگەوەنانەکان و گیرفان پڕ و مێشک بەتاڵەکان ، چاکتر وایە ئەو بە دوای گیرفان بەتاڵ و مێشک پڕەکاندا بگەڕێت. خەڵکی تێکۆشەر و دڵسۆز و ڕەوشتبەرز بدۆزێتەوە لەناو ڕیزەکانی یەکیەتیدا و کارەکان بەوان بسپێرێت.

وا بۆ ساڵی پێرار ئەچێت ، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نوسەر لەسەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و مادەی 140 وتاریان نوسی و بڵاوکردەوە ، بەندە یەکێک بووم لەوانە و باسێکی دورودرێژم ئامادەکردبوو کە لە ڕۆژنامەکانی ئاسۆ و ئاڵای ئازادییدا بە چەند ئەڵقەیەک بڵاوکرایەوە. هەموو نوسەران ، بە منیشەوە بڕوایان وا بوو کە مادەی 140 لە کاتی خۆیدا جێبەجێ نابێت و تا ڕادەیەک کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانیش لەدەست دراون! دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکان ، بەبیرم دێت ئێوارەیەکیان مام جەلال لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کەوتە هێرشکردنە سەر نوسەران ، بە پاپەتی و سواڵکەر و هەتیو ناوی بردن و وتی: ئەمانە خەڵکمان لێ ئەوروژێنن و مادەی 140 ئاوا بە پەلەپەل جێبەجێ نابێت ، ئەبێت بە شێنەیی بێت و لە کاتی خۆشیدا هەر

جێبەجێ ئەبێت!
ئەم قسەیە لەسەر مام جەلال کەوت ، چونکە یەکەم ، ئەو وشە ڕەشانە لە فەرهەنگی زانستە سیاسییەکاندا جێیان نابێتەوە و نابێت لە دەمی کەسێکەوە دەربچێت کە سەرۆککۆمارە و ئاکادیمییە و یاسای خوێندووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک پارێزەر کاری کردووە و داکۆکیی لە مافی خەڵک کردووە. دووەم ، کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەر وەک خۆیەتی ، لە گۆڕانی خراپ بەولاوە هیچی تری بە خۆوە نەبینیوە! مام جەلال هەقی خۆیەتی لەو کەسانە پەست و تورە بێت کە ئەچنە ناو موهاتەراتی سیاسییەوە و قسەی نابەجێ ئەکەن ، بەڵام بۆ ڕەخنەی بەجێ و شەریفانە ، ئەبێت ئەو سنگی فرەوان بێت و سوپاسی ئەوانە بکات کە ڕەخنەی لێئەگرن. مەسەلەیەکی کوردیی هەیە کە ئەڵێت: دۆست ئەو کەسەیە ئەتهێنێتە گریان و دوژمنیش ئەوەیە کە ئەتهێنێتە پێکەنین! (ئەم قسەیە مشتێکە لە خەرمانێک). مام جەلال بەرامبەر بە برادەرانی ڕەگ- یش هەر هەمان ڕەفتاری نواند کە خەڵکی ڕۆشنبیر ڕەخنەی زۆریان لێگرت!
یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی و خاوەن ئەزمون ، ئەبێت دەرس و پەند لە ڕابوردووی خۆی وەربگرێت و ئەو هەڵانە دووپات نەکاتەوە کە ڕێکخراوەکەیان گەیاندە ئەم ڕۆژە و لاسایی حیزبە دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکان نەکاتەوە و جێپێی ئەوان هەڵنەگرێت لە بوارە سیاسی ، ئابوری ، سەربازیی ، ئیداریی و کۆمەڵایەتییەکاندا و... تد.
حیزبی شیوعی سۆڤیەتی جاران کە خۆی بە دایکی هەموو حیزبە شیوعییەکانی تری دنیا ئەزانی ، ئەگەر گومانیان لە کەسێکی سەرکردایەتی هەبووایە و قسە و ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو کەسەیان بە دڵ نەبووایە ، ئەوا بانگیانئەکرد بۆ مۆسکۆ و چەند مانگێک لە ئاستێکی بەرزدا خزمەتیان ئەکرد و مێشکیان

ئەشوشتەوە ، تا تەواو لێی دڵنیا ئەبوون ، ئەوسا ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆیان ئەکردەوە بۆ ئەوەی کاربکات بۆ بەرژەوەندەکانی مۆسکۆ و کرێملین ، ئەگەر هەر سودی نەبووایە ، ئەوا بە تۆمەتی شێت و سەقەت و بێکەڵک ، چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەن ، یان کێشەی زۆریان بۆ دروستئەکرد!

ئەمڕۆ سەردەم شتێکی ترە و ئەوەی دوێنێ نیە ، هەموو گەڕانەوەیەک بۆ دواوە و پیادەکردنی سیاسەتە چەوتەکانی ڕابوردوو ، تەنیا هەڵەکانی ڕابوردووی لێئەکەوێتەوە و لەو ڕێیەوە ناتوانرێت سەروەریی تۆماربکرێت بۆ ی.ن.ک. ئەوانەی لە خەوی دوێنێدا ئەژین و خەریکی هیوا هەڵچنینن لەسەر کارەکانی دوێنێیان ، هەرگیز ناتوانن پاکانە بکەن بۆ گەندەڵیی و ئیفلیجبوونی ئێستای ڕێکخراوەکەیان ، چونکە ئەیانەوێت لەو ڕێیەوە تەنیا عەقڵی دارزاو و بۆگەن بەرهەمبهێنن کە ناتوانێت گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ، لەوە زیادتر کە دواکەوتن و ڕاوەستان لە هەناوی خۆیدا هەڵئەگرێت. جگە لەوەی ناتوانێت لە خەم و خەوی هیچ توێژ و چینێکی هەژار و لێقەوماوی کۆمەڵیشدا بێت ، لەوە زیادتر داوا لە خەڵک ئەکەن سەر شۆڕ بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن و بترسن و بلەرزن ، بۆ ئەوەی نانی کۆیلەیی و ملکەچیی بخۆن! داوایان لێئەکەن درۆزن و ساختەچی و بوهتانچی و چڵێس بن و هەموو شکست و نوچدان و کەوتنەکانی خۆیان بە سەروەریی لەقەڵەم بدەن بۆیان و تاجەگوڵینە لەسەر سەریان دابنێن.

گەندەڵیی و خراپەکاریی ، دیاردەیەکە ئێستا لە دەرگای هەموو بەرپرسێکی یەکیەتی ئەدات و وەک ئەسپێ داویەتیە گیانیان ، ئەگەر سکرتێری گشتیی بە زووترین کات بەرەوپیری نەچێت ، ئەوا کاتێک بە خۆی ئەزانێت کە زۆر شت لە دەستی دەرچووە ، بەتایبەتیی ئەو بە حوکمی پۆستەکەی لە بەغدا ، ئەوەندە

ناپرژێتە سەر یەکیەتی و کێشەکانی ناوی ، ئەمە جگە لەوەی کە خۆشی کەوتووەتە تەمەنەوە و پێویستی بە پشوودان هەیە و نابێت وەک جاران زۆر هەڵسوڕێت ، چونکە بەرگەی ناگرێت.

ئەو کاتەی گەندەڵیی میوانی ڕۆژانەیە و ناکۆکیی و ململانێکانی ناو یەکیەتی ڕوویان لە هەڵچوون و توندبوونە و کار ئەگاتە ئەوەی دەلاقەی گەورە گەورە جێبهێڵێت لە ڕیزەکانیدا و بەرەو هەڵوەشانەوەی ببات و سکرتێری گشتییش گوێی ناداتێ. ئەگەر ئەمە هیچ نەگەیەنێت ، ئەوە ئەگەیەنێت کە ڕێبەر لاوازە و ڕێکخراوێکی لاواز پێشکەشئەکات و سیاسەتەکانی فەشەلی هێناوە و نوچدان و کەوتنی خۆی و ڕێکخراوەکەی بە دواوە ئەبێت.

ئەمە یەکەم جار نیە کە یەکیەتی دووچاری کێشەی ناوخۆیی ئەبێت کە درز و دەلاقەی گەورە گەورەی لەگەڵ خۆی هانیوە و ڕێکخراوەکەی توشی پارچەپارچەبوون کردووە و لە هەر جارێکدا بە هۆی نەبوونی یەکیەتی بیر و تەبایی ڕیزەکانیەوە ، گروپێک ، ڕێکخراوێک ، سەرهەڵئەدات و تووڕەبوون و ناڕەزایی خۆی دەرئەبڕێت بەرامبەر بە کەسەکان و باڵە بەهێزەکانی تر و بە بەرگێکی جیاوازەوە دێتە مەیدان و بانگەشەی نوێکاریی و خوڵقاندنی بارودۆخێکی باشتر ئەکات! دیارە ئەمانە بەگشتیی تەواوکەری ئەوانەی دوێنێن کە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە.

تا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوی زانستانە و لەبار بنرێت بۆ بەلاداخستنی کێشەکان لەسەر بنەمای دیموکراتی و وتووێژ و وشە گۆڕینەوە و لەیەکگەیشتن و ڕازیبوون بە یەکتر و دواتر پێکهاتن لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراوی نوێ کە بەرژەوەندی هەموو لایەکان پارێزراوبێت و بە دڵی هەمووان بێت ، ئەوەی ئەبینرێت تەنیا هەنگاوی کلاسیکیی تاکە کەسییە کە مۆرکی خۆویستن و خۆپەرستیی و خۆسەپاندنی پێوە دیارە و لەوە ئەچێت هی

کەسێک بێت کە بڕوای بە دنیایەکی ڕاوەستاو هەبێت و بەرژەوەندەکانی ئەوی تیادا پارێزراوبێت و دنیاکەی تر کە دنیای گۆڕان و گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونە ، لای ئەو مانایەکی ئەووتۆی نەبێت و نایەوێت خۆشی پێوەماندوو بکات. بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و کێشەکانی ناو یەکیەتی ، وایان کردووە کە بیری نوێ سەرهەڵبدات و زۆر شوێنی کوردستان بگرێتەوە و لە دەرەوەی کوردستانیش لە باوەش بگیرێت.
سەرهەڵدانی هەموو بیر و دەنگێکی ئازاد ، هەموو ڕێباز و گروپ و ڕێکخراوێکی سیاسی لە کوردستاندا کە پەیامێکی نوێیان پێبێت و لە خزمەتی میللەتدا بێت ، دروست و بەجێیە و ئەبێت باوەشیان بۆ بکرێتەوە و پێشوازییان لێبکرێت. ئەگەرچی چاکسازیی و پاکسازیی بۆ ئەمڕۆی کوردستان کە دروشمی هەندێک لەو گروپانەیە ، بەشێکی کەمی چارەسەرەکانن و بە بڕوای من ناتوانن گۆڕانکاریی گەورە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و بەرەوڕووی کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی زۆر و جۆراوجۆر ئەبنەوە ، بە هۆی ئەوەوە کە کێشەکانی ئەم سەردەمە زۆر لەوە گەورەترن کە ئەوان بە تەمان چاکی بکەن! کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دروشمی ئەم ڕێبازە نوێیانە ، بە هۆی ئەوەوە کە دژی گەندەڵیی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە ، بە هیچ جۆرێک ڕەتناکرێتەوە.

## کێشەکانی ئەم قۆناخە کامانەن؟

ئەمەوێت بە کورتیی لەو کێشانە بدوێم کە سەرانسەری کوردستانی گرتووەتەوە و تا ئێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە و بە پلەی یەکەم پارتی و یەکیەتی ئەگرێتەوە ، هەروەها کۆنترۆڵی ئەوان لەسەر دەسەڵاتەکان.

ڕەنگە هەندێک لایان وا بێت ئەگەر ڕیفۆرمخوازەکانی ناو یەکیەتی داواکانیان جێبەجێ ببێت و ڕێیان پێبدرێت کە لەناو یەکیەتیدا ئەوە بکەن کە خۆیان ئەیانەوێت ، ئیتر ناکۆکیی و ململانێکان کۆتاییان پێدێت و کێشەی میللەت چارەسەر دەبێت!

بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە ، تا گۆڕانی بنەڕەتیی لە سیستمی بەڕێوەبردن و سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا نەکرێت و هەموو لایەک لە دڵەوە هاوکاریی نەکات لەو گۆڕانکارییەدا ، مەحاڵە میللەتەکەی ئێمە حەسانەوە بە خۆیەوە ببینێت.

مەبەست لە گۆڕانی ڕیشەیی لە سیستمی ئێستای کوردستاندا ئەوەیە کە پارتی و یەکیەتی لە هەنگاوی یەکەمدا دەستبەرداری سیاسەتی پەنجا بە پەنجا ببن و لە پارلەمانی کوردستاندا و بە هاوکاریی جەماوەری کوردستان یاسایەکی نوێ دەربارەی حیزب دابڕێژن. ڕێکخراوە مەدەنییەکان ، ئوپۆزیشون ، هەڵبژاردن ، هەروەها بودجەی هەر یەکێک لەمانە ، دەسەڵاتەکانیان ، کە لە دواجاردا دەسەڵاتەکانی یاسادانان ، بەڕێوەبردن ، دادوەریی ، لێدەکەوێتەوە ، واتە لە پێشدا پرۆژەیەک بێت بۆ میللەت و لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوبکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن و قسەکردن لەسەری و لەدواییدا پاش ئەوەی پرۆژەکە دەوڵەمەند ئەکرێت ، بەرەوڕووی پارلەمان بکرێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەری و هەموو کەس و لایەنەکان ڕێزی لێبگرن و بە موو پێشێلی نەکەن. یاساکە بە شێوەیەک بێت کە ڕێژەی

هەڵبژاردن گۆڕانی تیادابکرێت بەو شێوەیەی لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی کوردستاندا ئەگونجێت ، بۆ ئەوەی هیچ کەس مافی نەخورێت و هەمووان بەشداریی بکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.
بەپێی ئەو یاسایە ، هەر کەسێک لە خۆی ڕادەبینێت ، بۆی هەیە حیزبی تازە دروستبکات و بە لیستێکی نوێوە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکات ، دور لە چاوسورکردنەوە و هەڕەشە و گوڕەشە و کەڵەگایەتی ئەم و ئەو و پەنابردنە بەر میلیشیا.
هەروەها هەڵبژاردنەکان بە ئاگاداریی و چاودێریی UN و لایەنەکانی تر بەڕێوەبچێت و ئەبێت لیستەکان ڕازیی ببن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و گەڕی بارەتریێ! نەکەن و کێ زۆربەی دەنگی هێنا ، ئەوە بە براوە حسابی بۆ بکرێت و بە پێچەوانەوە ، ئەوانەی دەنگی کەمتر ئەهێنن ، ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیی خۆیان پێشانبدەن و لە بەرەی ئوپۆزیشوندا کاربکەن ، یان لەگەڵ لیستی براوەدا ببن بە هاوپەیمان و پێکەوە حکومەت دابمەزرێنن و بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ، کورسیەکانی پارلەمان دابەشبکرێن و بە هیچ جۆرێک خاتر و خۆتری تیادا نەبێت.
لێرەوە هێزی ئوپۆزیشونی ڕاستینە لەدایک ئەبێت و بە ئاشکرا دێتە مەیدان و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی و نوێنەرەکانی ئەکات ، چاوپێکەوتن و دیدەنیی لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ئەکات ، پەنجە بۆ گەندەڵییەکان و سیاسەتی چەوتی حیزبی دەسەڵاتدار ڕائەکێشێت ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ئاشکرا ئەنوسێت و چی لە بەرژەوەندی میللەتە ، ئەوە ئەڵێت ، بێ ئەوەی گوێبدات بە بۆڵەبۆڵ و گازندە و گلەیی ئەوانی تر.
لەوەش ڕزگاریان ئەبێت کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان پێیان بڵێن: ئەمانە خەڵکمان لێدەوروژێنن و دژایەتیمان ئەکەن و جنێومان پێئەدەن و سوکایەتیمان پێئەکەن و خەریکی ئاژاوە و تێکدانی ڕیزەکانی میللەتن! و ئەگەر ئێمە نەبین ، ئێوە لە برسدا ئەمرن!

لەم حاڵەتەدا هێزی ئوپۆزیشون ترسی نامێنێت و ئەبینێت بە پێی یاسا کارئەکات و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی ئەنجامئەدات و هیچ گروپێکی میلیشیا و چەکداری تر نابینیت لە گۆڕەپانی سیاسیدا کە چاوسوربکاتەوە بەو شێوەیەی شەڕکردن و بریندارکردن و کوشتنی لێبکەوێتەوە و بە هێزی چەک بڕیاربدات ، بەتایبەتیی ئەبێت لە یاساکەدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە دیاردەی چەکهەڵگرتن تەواو قەدەغەیە و هەموو سەرۆکحیزبەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی حەسانەی دیپلۆماسییان دەبێت و هیچ حیزبێک یان سەرۆکحیزبێکی تر بۆیان نیە سێنسوریان لەسەر دابنێن و مەرجەکانی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن ، بەو مانایەی هەموو حیزبە ئوپۆزیشونەکان بە پێی قەوارەی حیزبەکەیان سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی خۆیان هەیە ، واتە ژمارەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا ، بەڵام کاتێک کارەساتێکی گەورە ڕووئەدات و کار ئەگاتە ئەوەی پارلەمان و دادگای باڵا دانیشتنی بۆ بکەن ، ئەوا هەموو لایەک بە یەکسانیی ملکەچی بڕیارەکان ئەبن و بەبێ جیاوازیی.

ئەو یاسایەی سەرەوە لە وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی دنیادا کاری پێئەکرێت و ئەنجامی باشی لێکەوتووەتەوە و لە ڕێیەوە کارەکان بە باشیی ئەڕۆن و حکومەتیش هەڕەشە و گلەیی لەسەر نیە ، چونکە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتییانە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستهێناوە و ئەوانەی گلەییان هەیە ، بۆیان هەیە بچن بەپێی یاسا یادداشت پێشکەش بکەن ، خۆپێشاندان و مانگرتن بکەن ، خەڵک لێرە و لەوێ کۆبکەنەوە و بە ئارەزووی خۆیان بشیرێنن تا خۆئامادەکردنێکی تر بۆ هەڵبژاردنەکان کە بە 3- 4 ساڵ جارێک ئەکرێت.

ئەوانەی لەو پرۆسەیەدا دەنگی کەم ئەهێنن ، بۆیان نیە بیکەن بە هەرا و بۆڵەبۆڵ ، لە جێی ئەوە ئەتوانن بەپێی بەرنامەیەکی

هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی تردا ڕێکبکەون و بێنە مەیدان بۆ ئەوەی کورسی پارلەمان مسۆگەربکەن و بەشداریی دەسەڵات بکەن. خۆ ئەگەر ئەوەیان نەکرد ، ئەوا وەک هێزێکی ئوپۆزیشون کارئەکەن ، بەو مەرجەی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو ڕێژەیەیان هێنابێت کە مافی ڕەوا و یاساییان ئەداتێ و کەس و لایەنێکیش ناتوانن ڕێگربن لە کارەکانیاندا. ئەوە هەنگاوێکە بۆ بەدامەزراوەییکردنی حیزب و حکومەت ، واتە دەستور ، یاسا ، بڕیارەکانی پارلەمان ، سەروەر ئەبن و لە سەروو حیزب و سەرۆکحیزب و سەرۆکخێڵەوە ئەبن.

پێویستە پارتی و یەکیەتی ، وەک دوو حیزبی زلهێز ، بیر لە داهاتووی ئەم گەلە بکەنەوە و سڵ نەکەنەوە لە داڕشتنی ئەو جۆرە یاسایە و بە هاوکاریی ڕۆشنبیر و سیاسییەکان و لایەنەکانی تر کە دیموکراتی ، ئاشتیی ، یەکسانیی ، تەبایی لەگەڵ خۆی ئەهێنێت ، چونکە بەڕاستیی ئەو سیستمەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە ، نازانیت ناوی چی لێبنێیت! دەرەبەگایەتی ، سەرمایەداریی ، سۆشیالیستیی ، نەتەوەیی ، دیموکراتی ، هاوچەرخ ، مودێرن... ئێمە لە کوردستاندا خاوەنی شتێکین تێکەڵ لە هەموو شتێک و کەچی هیچیشیان نیە! و وەک چێشتی مجەور وایە!

پێویست نیە پارتی و یەکیەتی وا تێبگەن کە داڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە لە کوردستاندا ، لە ڕۆڵی ئەوان کەم ئەکاتەوە و فڕێیانئەداتە دەرەوەی گۆڕەپانەکە ، نەخێر بە پێچەوانەوە ، ئەوان هەر هێزێک ئەبن لەکوردستاندا ، بەڵام هێزێکی سیاسی دیموکرات و ملکەچ بۆ یاسا و دەستور ئەبن ، ڕێز لە کەس و لایەنەکانی تر ئەگرن و مافی کەس و لایەکانی تر زەوت ناکەن ، بەپێی یاسا ملئەنێن و بڕیار ئەدەن و وەک ئێستا نابن کە میللەت بێزار و تورەیە و سیاسەتەکانیان ڕەتئەکاتەوە.

ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکیەتی لەم کاتەدا ئەوەیە کاربکەن میللەت ئاشتبکەنەوە و ملبنێن بۆ خواست و داواکانیان ، بەتایبەتیی لەم کاتەدا کە کار گەیشتووەتە ئەوەی نەک میللەت، بەڵکوو ڕاگەیاندنەکانی دنیاش دەم بکاتەوە لە دژی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و جۆری کارکردنی.

هەر بەم بۆنەیەوە بە پێویستی ئەزانم چەند دێڕێک بنوسم لەسەر ئەوانەی بیر لە چاکسازیی و پاکسازیی و جوانکاریی ئەکەنەوە و لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک هێزێکی سەربەخۆ و ئوپۆزیشون بێنە مەیدان و بە لیستێک بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بکەن و شەڕی هەڵبژاردن و دەسەڵات بکەن. ئەگەر سەرکردەکانی ئەم گروپ و ڕێکخراو و هێزانەی کە بەڕێوەن لەدایک ببن ، لەوانە بن کە پێشتر لە سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتیدا کاریان کردووە ، ئەبێت پێش هەموو شتێک دان بنێن بە هەڵە و تاوانەکانی ڕابوردوویاندا ، بەو سیفەتەی ئەوان بەشێک بوون لە دوێنێ و ڕاست نیە ئەوەی دوێنێ لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن و دیسان دووپاتی بکەنەوە و بیفرۆشنەوە بە میللەت و ئەوانە بکەن کە پارتی و یەکیەتی کردیان و جارێکی تر سواری سەری میللەت ببنەوە.

دوای دانیان بە هەڵەکانیاندا ، پێویستە بە توندیی ڕەخنە لە خۆیان بگرن و داوای لێبوردنیش لە میللەتی کورد بکەن ، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک شانازیی نەکەن بە ڕابوردووی خۆیانەوە کە هەمووی کوردکوشتن و شەڕ بوو لەپێناوی شەڕدا و شەڕیش بۆ دەسەڵات و کورسی و قات و قڕکردنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە کە دەیان هەزار کوژراوی لێکەوتەوە ، جگە لە خۆخستنە باوەشی دوژمن بە بیانووی جیاجیا و نابەجێوە ، تا وای لێهات کارەسات و ماڵوێرانیی زۆریش بۆ کورد بهێنن.

ئەگەر ئەمانە وا نەکەن ، مانای وایە بە هەمان عەقڵیەت و

فەلسەفەی کۆنەوە دێنەوە مەیدان و بڕوام وا نیە ئەم جارە میللەت ئەمەیان لێ قبوڵ بکات و بە دوایاندا ڕابکات ، جگە لەوە پێویستە سەیرێکی دەوروپشتی خۆیان بکەن و بەسەر ئەو کەسانەوە بنیشنەوە کە مەرجی ڕەوشتیی و سیاسییان تیادا هەیە، گەندەڵ و دز و جەردە و پاشەڵپیس و ساختەچی و بازرگان لە خۆیان کۆنەکەنەوە.
کەسانێک بن لە خەمی خەڵکی زەحمەتکێش و لێقەوماو و هەژاری کوردستاندا بن ، باشتر وایە ئەوانە سیاسەت نەکەن ، یان ڕیزەکانیان پاک بێت ، ئەکرێت نوخبەیەکی باش بێنە مەیدان و بەرنامەی باش پێشکەش بکەن و ڕای میللەت ڕابکێشن بە لای خۆیاندا و لە کاتی خۆیدا کە دەسەڵات ئەکەویتە دەستیان ، چی باشە ئەوە بکەن بۆ میللەت و مەرج نیە بە عەقڵیەتی جارانەوە بیر لە شانە و ڕێکخراو و کۆمیتە و مەڵبەند و... تد بکرێتەوە.

## ئەبێت زانیاریی ، پاراستن و ئاساییش
## دەزگای حكومیی بن ، نەك دەزگای حیزب!

ئەم دەزگایانە بە هۆی بێسەروشوێنیی ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە، سنوری كارەكانی خۆیان بەزاندووە و كەوتوونەتە بەرەی دوژمنەوە ، نەك میللەت ، چونكە بەپێی یاسا كارناكەن و پەیڕەوی مەسەلە مرۆڤایەتی و ئەدەبیی و ڕەوشتییەكان ناكەن و خەڵك بێزار و توڕە ئەكەن و دەسەڵاتەكانیان بە ناوی بەرژەوەندی گشتییەوە بۆ ئامانج و مەرامی شەخسیی خۆیان بەكارئەهێنن. لە هەموو دنیادا دەزگای هەواڵدەر (هەواڵگریی) جۆربەجۆر هەیە كە ناوی جیاجیان هەیە و سەربە حكومەتن نەك حیزب ، كارەكانیان بریتیە لە:

- پاراستنی ئاشتیی و ئاساییش لە وڵاتدا و كۆنترۆڵكردنیناحەزان و دوژمنان.
- قەلاچۆكردنی تۆڕەكانی تیرۆر و سیخوڕیی.
- قەلاچۆكردنی تۆڕەكانی كڕین و فرۆشتنی مادە سڕكەر و هۆشبەرەكانی وەك حەشیشە ، تریاك ، هێرۆیین و... تد.
- كۆنترۆڵكردنی ئەو قاچاخچییانەی كە بە نیازی ئاژاوەنانەوە و تێكدانی دامەزراوەكانی دەوڵەت ، چەكی جۆراوجۆر ئەهێننە وڵاتەوە.
- دەستبەسەراگرتنی پارەی ساختە و ئامێر و دەزگاكانی ساختەكردن بۆ پارە و دۆكیومێنت و مۆر و شتە بەها و گرنگەكان و ڕاپێچكردنیان بۆ بەردەمی دادگا و سەپاندنی سزای قورس بەسەریاندا.
- كۆنترۆڵكردنی خواردنی كۆن و بەسەرچوو و ژەهراویی ، بە هاوكاریی ئەوانەی لەو بوارەدا كارئەكەن لەسەر سنورەكان.
- كۆنترۆڵكردنی پارە و ئاڵتون و سامانی دزراوی میللەت كە

ژمارەیەک لە بەرپرسەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی ئەکەن ، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ڕێپێدراو و ڕەسمییان بەدەستەوە بێت.

ئەو دەزگایانە لەباتی ئەوەی لەو بوارانەدا کاربکەن کە ئاماژەم بۆ کردن ، هەموو قورسایی و خەبات و تێکۆشانی خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ سیخوڕییکردن بەسەر نوسەر و ڕوناکبیر و خەڵکی پاک و بەویژدان و بە ڕەوشتی گەلەکەمانەوە ، گوێیان لێئەگرن و قسەکانیان ئەدزن بۆ ئەوەی بیکەن بە ڕاپۆرت و بەرزیبکەنەوە بۆ سەرووی خۆیان ، بۆ بەرپرسەکان. ناوبەناو بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئازاری نوسەر و ڕۆشنبیری گەلەکەمان ئەدەن و جاری وا هەیە لە زینداندا توندیان ئەکەن ، گوشار ئەخەنە سەر ڕۆژنامەکان و سەرنوسەرەکانیان و چاویان لێ سورئەکەنەوە.

ئەبێت پارتی و یەکیەتی چاوێک بە کاری ئەو دەزگایانەدا بخشێننەوە و هەموویان بەرەوڕووی حکومەت بکەنەوە و زووزوو کۆنترۆڵیان بکەن و سنورێک بۆ کاری ناڕەوایان دابنێن و ڕێیان پێنەدەن بە نهێنی پەلامار بدەن و خەڵک بفڕێنن و لە زیندانی تایبەتییدا توندیان بکەن. هەر کەسێک ئەگیرێت ، ئەبێت بە بڕیاری دادوەر بێت و پۆلیس بە ڕەسمیی لە ڕێی موختاری گەڕەکەوە ئەو کەسە ئاگاداربکاتەوە و هەموو کەس پێیبزانن کە گیراوەکە لە کوێیە و هۆی گرتنەکەش بزانرێت.

# کێشە کوردستانیی و نەتەوەییەکان

ڕۆژی 2003-04-09 حوکمی دیکتاتۆر و پیاوکوژی سەدامڕوخا و کۆتاییهات ، کورد هەلێکی لەباری بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی پێدابگرێت لەسەر مافە چارەنوسییەکانی خۆی و بەدەستی بهێنیتەوە کە سالآنێکی دورودرێژ بوو لێی زەوت کرابوون ، وەک:

- گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
- بە ڕەسمیی ناساندن و دیارییکردنی سنوری کوردستان کە لە شاخەکانی حەمرینەوە دەستپێدەکات.
- بە ڕەسمیی ناساندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- پێداگرتن لەسەر سامانی کوردستان لە ئاو و سامانە سروشتییەکانی وەک نەوت و گاز بۆ کورد ، یان کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەشی خۆی هەبێت ، باشتر لەوەی ئێستا.
- ناساندنی زمانی کوردیی بە زمانێکی ڕەسمیی لە سەرانسەری عێراقدا.
- ناساندنی ئەنفال و کیمیابیبارانی کوردستان وەک جینۆساید و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ قوربانییەکان.
- ڕاگەیاندنی کۆنفیدرالّیی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا ، وەک قۆناخی یەکەم و دواتر دانان بە مافی بڕیاردانی چارەنوس لە لایەن کورد خۆیەوە ، وەک مافێکی ڕەوا ، نەک وەک منەتکردن بەسەر کورددا لە لایەن نەتەوەی بالآدەستی عەرەبەوە ، بە شیعە و سوننەوە.

بە داخەوە ئەمانە هیچیان نەکرا و پارتی و یەکیەتی ڕازیی بوون بچنە بەغدا و لە ئەنجومەنی حوکم بەشداریی بکەن و شانبەشانی ئەوانی تر عێراق دروستبکەنەوە ، جگە لەوە دلّی

ناحەز و دوژمنانی ئێمەیان نەشکاند و دەستیان بەرزکردەوە لە ئاستی خاڵە لاوازەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا کە هەمووی مینڕێژ کرابوو دژی کورد ، بەتایبەتیی مادەی 58 و دواتر مادەی 140 کە تا ئێستاش مەرەکەبە لەسەر کاغەز و بڕوا ناکەم نەیار و دوژمنەکانی ئێمە ڕێبدەن جێبەجێبکرێت ، ئەگەرچی تا ئێستاش دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا خۆیان بە پشتئەستور ئەزانن بۆ جێبەجێکردن و بەلاداخستنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، کەچی کە دێیتە سەر حساب ، هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەر نابینیت لەو بارەیەوە کە پێشانیبدات کارکردنی جیدیی لە ئارادا هەیە!

بۆ نمونە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک کە ئەبووایە لە مانگی ئاداری 2007 دا و سەرژمێر لە مانگی تەموزی 2007 دا و ڕێفراندەم لە مانگی تشرینی یەکەمی 2007 دا بکرانایە ، کەچی هیچیان نەکران و کوردیان تەفرەدا و پارتی و یەکیەتیش پێی ڕازیی بوون و لە ڕاگەیاندن و ڕونکردنەوەی بێسەروشوێن بەولاوە، هیچی تریان لەدەست نەهات کە هەمووی بە گران کەوتووەتەوە لەسەریان.

لە یەکەم ڕۆژی کەوتنی سەدامەوە تا ئێستا ، ئەمێریکا و لایەنە سیاسییەکانی تر لە بەغدا ، هەروەها دەوڵەتە ئیقلیمییەکان ، بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدان کورد تاقیبکەنەوە و لێدانی دڵی هەموویانیان وەرگرتووە و ڕەفتار و سایکۆلۆجییەتیانیان خوێندووەتەوە بۆ تێپەڕاندنی نەخشە و پلان و خواستە گڵاوەکانیان و ڕاکێشانی دەسەڵاتی سیاسی کورد بۆ مەیدانی سازشکردن و دەستهەڵگرتن لە مەسەلە چارەنوسییەکان و توانیویانە لەو ڕووەوە سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بەدەستبهێنن و وا لە کورد بکەن دڵی بە عەرەب و تورکمان بسوتێت!

ئەمە لە کاتێکدا تا ئێستاش کاردی کورد بەهێزە لە بەغدا و عێراق و ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بیەوێت ، ئەتوانێت بە شێوازی جیاجیا بەکاری بهێنێت.

ئەمێریکاییەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە کورد و کێشەکەی، کاردێکی باشە لە دەستیاندا بۆ ئەوەی یاریی پێبکەن و بەکاریبهێنن بەرامبەر لایەنەکانی تر ، چونکە ئەزانن کورد بەبێ حساب ڕائەکات بەدوای ئەمێریکادا و هەموو هێلکەکانی خۆی لە سەبەتەکەی ئەودا داناوە ، بۆیە ئەمێریکاش وەک پێویست بایەخ بە کورد نادات و ئەیەوێت لە سێبەری سیاسەتی تەوافوقدا دایبشکێنێت بە لای عەرەبدا و ئەوەندە گوێ ناداتە ناکۆکییە ئایینیی و کەلتوریی و نەتەوەییەکان و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بە کورد ئەڵێت کە چارەسەری هەموو مەسەلەکان، بە کێشەی کوردیشەوە ، هەمووی لە بەغدایە و بڕیاریش لای حکومەتی ناوەندییە! ئەمەش مانای بەعێراقییکردن و ناوەندییکردنی کێشەی کوردە کە لە ماوەیەکی دوردا نازانرێت چۆن لەسەر کورد ئەشکێتەوە و قوربانییەکانی چەند ئەبێت ، بەتایبەتیی سیاسەتزان و لێکۆڵەر و توێژەرەکان ، ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە عێراق لە مێژەوە ، لە ڕۆژی دروستبوونیەوە (1921) لەسەر زوڵم و خوێنڕشتن و چەوسانەوەی گەل دروستبووە و لە درۆ بەولاوە ، هیچ بەڵێنێکی ڕاست بە کورد نەدراوە!

لەبەرئەوە پێویستە پارتی و یەکیەتی کە چارەنوسی میللەتێکیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان ، زۆر بە جیدیی لە هەوڵ و تێکۆشانێکی گەرمدا بن بۆ ڕاستکردنەوەی حسابەکان و بەلاداخستنی مەسەلە هەڵپەسێراوەکان و تەمومژی لەسەر لاببەن و ملنەنێن بۆ سازشکردنی زیادتر و بە توندیی پێدابگرن و ئەوە بخەنە مێشکیانەوە کە کەس ناتوانێت پەلاماری گەلێکی 5 میلیۆن کەسیی بدات!

باشترین چەک کە ئەوان بتوانن بەکاریبهێنن ، ئەوەیە کە بە ئەمێریکا و حکومەتی ناوەندیی و لایەنەکانی تر بڵێن: ((ئێمە میللەتێکمان هەیە و ئەبێت لە هەر مەسەلەیەکدا پرسی پێبکەین و ناتوانین لە خۆمانەوە بڕیار بدەین.)).

ئەوان لەباتی ئەوەی دانیشتووانی کوردستان ناچاربکەن کە عێراقیی بێت و عێراقی خۆشبووێت ، با لە جێی ئەوە خەباتبکەن بۆ ئەوەی خەڵک کوردستانیی بێت لە چوارچێوەی عێراقێکی بەڕاستینە دیموکرات و ئازاد و مەسەلە نەتەوەییەکانی ئێمە کاڵنەبێتەوە و نەیکەن بە قوربانی خواست و بیروبۆچوونەکانی ناحەزان و دوژمنانمان کە لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵات وەرگرتنیانەوە ، تا ئێستا کنەئەکەن و نەخشە و پلان دائەنێن بۆ ئەوەی ئابڵوقەمان بدەن و هەموو مەسەلە پیرۆزەکانی ئێمە بەتاڵ و پوچ بکەنەوە و بە کەمتر لە کەمایەتییەکانی وەک تورکمان و ئاسور و کلدان سەیرمان بکەن!

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەیاد عەلاوی ، ئیبراهیم جەعفەری ، نوری مالیکی سەلماندیان کە ئەوان لە دڵەوە هاوپەیمانی کورد نین و ژێربەژێر و بەشێوازی جیاجیا ، بە عەقڵی شۆڤێنیی و تاریکیانەوە لە هەوڵی تێکدان و سەندنەوەی دەسکەوتەکانی کورددان و ئەیانەوێت دەستور لە بەرژەوەندی شۆڤێنیەتی عەرەبی بگۆڕن و عێراق بگێڕنەوە بۆ دواوە ، بۆ سەدە تاریکەکان و جارێکی تر بە هێزی عەسکەرتار و کودێتا و پیاوکوشتن ، دەسەڵات بگرنەوە دەست و بکەونە کۆکوژیی کورد!

گەمەی سیاسی ئەوان لە بەغدا ، لەگەڵ ئەمێریکا ، تورکیا ، ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان ، هەمووی بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی داڕێژراوە دژی کورد و دەسکەوتەکانی و کار گەیشتووەتە ئەوەی بەشێک لە دوژمنانی ئێمە کێشەکە بکەنە کێشەی کورد و عەرەب! لەبەرئەوە ئەگەر کورد وەک میللەتان و گەلانی چەوساوە

و ژێردەستە ، لە هەوڵ و هەڵمەتی پوچکردنەوەی نەخشە و پلانی دوژمنەکانیدا نەبێت و خەباتێکی نوێی دیپلۆماتیی و شارستانیی دەستپێنەکات کە بریتییە لە بەگژداچوونەوەی دوژمنان و ناحەزان ، ئەوا زۆر نابات بەرەکە لەژێرمان ڕائەکێشن و ناچارمان ئەکەن ڕازیی ببین بە شتی کەمتر لەوەی ئێستا و کاتێک بە خۆمان ئەزانین ، سوپای نوێی عێراق باڵی کێشاوە بەسەر ئەو ناوچانەی کە ئەوان مەبەستیانە ، بەتایبەتیی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان ، هەروەها شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێم ڕووی لە خراپ بوون ئەبێت و ئەو دەمە درەنگ ئەبێت بۆ کورد کە بکەوێتە خۆی و بۆڵەبۆڵ و گازندە و گلەیی و شیرەشیر دەستپێبکات.

بە هیوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2009 کاردی کورد قوت نەدات و خێری کوردی تیادا بێت و گەلەکەمان سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن ، بەدەستبهێنێت و دەسەڵاتی سیاسییش لە کوردستاندا هەنگاوی بەجێ بنێت سەبارەت بە کەمکردنەوە یان قەلاچۆکردنی دیاردەی گەندەڵیی کە سەرانسەری کوردستانی گرتووەتەوە ، بۆ ئەوەی توێژە هەژار و لێقەوماوەکانی کوردستان لە بەری ڕوخانی سەدام و حوکمی 35 ساڵەی ئەو بخۆن و شانازیی بکەن بە خەبات و تێکۆشانی ڕابوردووی خۆیانەوە و هاوبەش بن لە پرۆسەی ئاشتیی و دیموکراتیی و بنیاتنانەوەی کوردستان.

# من و یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان!

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 و هەرەس و تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی شۆڕشی کورد ، لە کۆتایی مانگی مایس و سەرەتای حوزەیرانی 1975 دا یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە شام دامەزرا ، سوریا و لیبیا دوو وڵاتی عەرەبن کە بە ئاشکرا هاوکاریی و پشتگیریی ی.ن.ک یان ئەکرد ، فەلەستینییەکانیش تا ڕادەیەک وەک دۆست و هاوکار ، خۆیان پێشانئەدا.

پێش دامەزراندنی یەکیەتی ، کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان هەبوو کە دواتر لە شاخ ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. من ئەندامێکی کۆمەڵەی ناوبراو بووم تا ئەو کاتەی لای حکومەتی بەعس ئاشکرا بووم ، لە مانگی تشرینی دووەمی 1975 دا فەرمانی گرتنم دەرچوو ، دەستم لە ماڵ و حاڵ و کار هەڵگرت و هەڵاتم بۆ سوریا بۆ لای ی.ن.ک کە تازە لەوێ دامەزرابوو ، ماوەی 13 مانگ لەوێ مامەوە.

پێش هاتنەکەم شانبەشانی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە خەبات و تێکۆشانێکی بێوچاندا بووم ، ئەوەی لە دەستم هات کردم. ئەوسا من هەڵوێستی ڕون و ئاشکرام هەبوو لە سروشتی ڕێکخراوەکە ، ڕێباز و فەلسەفەکەی و جۆری سەرکردایەتییەکەی. بڕوای من وا بوو کە ئەبێت کۆمەڵە درێژەدان نەبێت بە ڕێکخستنە کۆنەکانی شەستەکان ، فەلسەفە و بیری ئەوانیش لەگەڵ خۆی هەڵنەگرێت ، سەرکردایەتییەکەی ، سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ بێت ، دیکتاتۆریی تاک باڵی بەسەردا نەکێشێت.

ئەو کاتەی لە سوریا بەو عەقڵییەتەوە خۆم بینییەوە ، نزیکەی 19 ساڵ بوو لە ڕیزی کوردایەتیدا بووم ، چەند ساڵێک پێش ساڵی 1970 ، جەلالییەکی سەرخۆش و سەرگەرم بووم و ورگی خۆمم لەسەر هەڵئەدڕی! کوێرەوەری و ماڵوێرانیی و قوربانییدان

بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی من بوو. لەوانەی لە شام منیان ئەناسی ، کەسیان دەستی ڕێزی نەخستە سەر ماندووبوون و ڕابوردووی من ، خوار سەیرمیان ئەکرد ، ئەتوت من بە نان و ئاو و جلوبەرگی ئەوانم ، لەسەر هەڵوێست و ڕەخنە گۆشەگیر کرابووم ، فڕێیاندابوومە خانەی ناحەز و چارەگرانەکانەوە ، بە برینێکیان ئەزانیم لە لەشی خۆیاندا کە زوو سارێژ نەئەبوو ، زۆر کاری یەکیەتی هەبوو لە ناوەوە و دەرەوەی سوریا کە بە من هەڵئەسوڕا و جێبەجێئەکرا ، کەچی ئەوان لایان لە من نەئەکردەوە و ڕوویان بە من نەئەدا و بە کەسانێکی تریان ئەسپارد کە لە سیاسەتدا تازە بوون ، یان تازە هاتبوونە شام و ڕابوردووشیان جێی متمانە و شانازیی نەبوو. بە درێژایی 13 مانگەکە منیان ئاگادارنەئەکرد لەو شتانەی کوردان بۆی کۆدەبوونەوە ، هێڵێکی ڕاستوچەپیان بەسەرمدا هێنابوو و ئەیانوت: ئەمانەوێت وەک جاران بیت!
ئەویش بۆ من زۆر قورس بوو.
دەمیان بگەیشتایەتە هەر کەسێک تیژیانئەکرد لە من و فێریان ئەکرد لە پشتەوە ئەو شتانە بە من بڵێن کە هەرگیز لە فەرهەنگی ئەدەبییدا جێی نابێتەوە و نابێت بە کەسێکی تێکۆشەر بوترێت ، ئەگەر ئەو وشە ڕەش و پیس و بێتامانە هەڵبرێژم ، ئەوا بە دڵنیاییەوە لاپەڕەکان پیسئەکات. هەر کەسێک بە کاری تایبەت بهاتایە بۆ شام (بەتایبەتیی ئەندامانی کۆمەڵە) ، نەیانئەهێشت من پێیبزانم ، تا ئەڕۆیشتەوە.
بە کورتیی و بە کوردیی لەو 13 مانگەدا کە من لە سوریا بووم ، هێندە ناشیرین پەلامار درام و هێرش کرایە سەرم ، ئەگەر لەگەڵ کەسێکی تر وا بکرایە ، ئەوا تا بەغدا نەئەوەستایەوە. ئەوان لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە تا کۆتایی هەشتاکانیش ، سەدان کەسیان بەو شێوەیە دەرپەڕاند و ناچاریانکردن لە لای حکومەت و پارتی و حیزبە کوردستانییەکانی تر بگیرسێنەوە ، منیش یەکێک بووم

لەوانەی ناچاریان کردم جانتا و کەلوپەلم بپێچمەوە و بەرەو کەنداو بکەومە ڕێ و ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم کە شەش مانگی یەکەمی بە هۆی ئەوەی کرێکارییم ئەکرد و کارێکی بە دڵی خۆمم دەست نەکەوت ، تا بڵێی ناخۆش بوو ، بەڵام دوایی کە فەرمانبەرییەم دەستکەوت و بوژامەوە و کێشەی ئابوریم نەما ، ژیانی منیش گۆڕانی تێکەوت و گەشامەوە.

نزیکەی چوار ساڵ لە کەنداو بووم ، دژایەتی هیچ لایەکی سیاسیم نەئەکرد ، نامەگۆڕینەوەم لەگەڵ ژمارەیەک برادەردا هەبوو کە زۆربەیان سەر بە یەکیەتی بوون ، ئەو ژمارە کوردەی لەوێ بوون، بە هۆی ئەوەوە کە بۆ کارکردن و پارەپەیداکردن هاتبوون ، ئەوەندە گوێیان نەئەدایە سیاسەت و تێکڕا هەمووان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو.

باڵوێزخانەکانی عێراق لە کەنداو بە دەزگای داپڵۆسێنەر ناسراوبوون و دەستیان زۆر ئەڕۆیشت. لە یەمەن دکتۆر ڕوشدی ئەحمەد بەگیان تیرۆرکرد کە لە کۆمونیستە کۆنەکان بوو ، بە ئاشکرا دژی ڕژێمی بەغدا قسەی ئەکرد ، خۆی مامۆستا بوو لە زانستگای سلێمانیی و دوایی چووە دەرەوەی وڵات و لە یەمەنی خواروو گیرسایەوە و لە زانستگاکانی ئەوێ کارییئەکرد ، دەمێک بوو ئەمناسی و پیاوێکی ئازا بوو. دوای ئەو بەعسییە پیاوکوژەکان لە کوەیت سەعید حەمامی یان تیرۆرکرد کە سەرکردەیەکی فەتحی سەر بە ڕێکخراوی ڕزگارییخوازیی فەلەستین بوو.

لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتووش سەفارەتەکەیان چالاکیی زۆری هەبوو ، ژمارەیەک جاسوس و سیخوڕیان بڵاوکردبووەوە و کاری خۆیانیان ئەکرد. بە هۆی سیخوڕ و خەڵکانی سەر بە خۆیان لە سوریا ، هەموو شتێکیان لەسەر من ئەزانی. لە سەرەتادا گوێیان نەدایە من ، بەڵام لەو دوایییەدا ، سەریان کردبووە سەرم و سەر و دڵمیان گرتبوو ، شەڕیان ئەفرۆشت. ئەمە لە کاتێکدا ئەشیانزانی

من دانیشتووم و سیاسەت ناکەم.
بە هەر حاڵ ناچاربووم کەنداو جێبهێڵم و بەرەو ئەوروپا بکەومە ڕێ ، خۆشم حەزم لە چارەی ئەوروپا نەبوو ، بەڵام چاریشم نەبوو. پێشتر بە هۆی ئەوەی لە کەنداوەوە هاتبوومە ئەوروپا و سوید و گەڕابوومەوە شوێنی خۆم ، ئەوا بە ئاسانیی و بەبێ سەرئێشە ڤیزەی سویدیان دامێ و بە یەکجاریی لێرە دامکوتا. پاش مانگ و نیوێک خۆم بە پۆلیس ناساند و داوای پەنابەرییم کرد کە ئەو کاتە زۆر زۆر ئاسان بوو ، ئەوانیش منیان ناونوس کرد و پارێزەرێکیان تەرخانکرد بۆم و چەند ئیفادەیەکیان لێم وەرگرت.
لێرە لە سوید لەگەڵ برادەرە جەلالییەکانی خۆمدا یەکمانگرتەوە کە دەمێک بوو لە یەکتر دابڕابووین. تا کۆتایی ساڵی 1983 کە یەکیەتی نزیکبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەستپێکرد ، من پەیوەندییم لەگەڵیاندا هەر باش بوو ، بە پارە هاوکارییانم ئەکرد ، بەڵام ئەوان هەر خوار سەیرمیان ئەکرد و هەڵوێست و ڕاو بۆچوونمیان بە دڵ نەبوو. پێیان خۆش بوو لە کاتی ئیفادەداندا لای پۆلیس بڵێم من یەکیەتیم! منیش ئەموت: پۆلیس هیچ کارێکی بەوە نیە و ڕۆژانە سەدان کەس بە هۆکاری ئابوری و نانپەیداکردنەوە ئەڕژێنە ئەم وڵاتە و باسی سیاسەت هەر ناکەن! چ زیانێکی تیادایە ، منیش کەسێکی سەربەخۆ و ئازادبم وەک ئەوانە؟ بۆ فێری درۆم ئەکەن؟
کاتێک کە وتووێژی بەعس- یەکیەتی ئاشکرا بوو ، بە توندیی هەڵوێستم وەرگرت و دژی وەستامەوە و پێیانم وت: ئێوە شەڕی بەعستان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی ئەو خەڵکەتان بە کوشتدا! ئێستا چی بە کەسوکاری شەهیدان ئەڵێن؟ باشتر نیە هەر لە بەغدا دابیکوتن و نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێوە لەپێناوی شەڕدا شەڕتان کردووە و شەڕ بۆ دەستکەوتی تایبەتیی خۆتان؟ بەم قسانە جارێکی تر خوێنم

ڕژایەوە کاسە و ئەوانیش هەرچی لە دەستیان هات لە پشتەوە بە منیان وت و هەر جارەی قسەیەکیان دوائەخستم و ئەندامەکانیان هانئەدا کە لە من نزیک نەبنەوە و نەفرەتم لێبکەن ، ئەگەر لەگەڵ کەسانێکی سەر بە پارتی ، ئاڵای شۆڕش ، حیزبی شیوعی ، پاسۆک منیان بدیایە ، خێرا مۆری ئەوانیان لێم ئەدا ، تەنانەت خزمی خۆم هاتووەتە سوید و هەواڵی منی پرسیوە ، کەچی بوهتانیان بۆ کردووم و قەناعەتیان پێکردووە کە چاوی بە من نەکەوێت ، تا ئەو کاتەی لە یەک ئاشکرابووین و ڕاستییەکانی بۆم باسکردووە.

کاتێک کە خەڵکی تریش هەواڵمیان پرسیوە ، هەر بە شێوەیەکی ناشیرین و بێتام قسەیان لەسەرم کردووە ، گوایە بۆ ئەوەی من گۆشەگیر بکەن و کەس نەیەت بە لامدا ، بەڵام برادەرە کۆنەکان کە لە مێژ بوو یەکترمان ئەناسی ، نابەدڵ وردە مەرحەبایەکیان هەر ئەکرد ، بەڵام هاوڕێیەتییان نەئەکردم و تا ئێستاش ئەمە هەر بەردەوامە ، چونکە ئەوانە تا سەر ئێسقان جەلالیین!

لە مێژ بوو برادەرانی یەکیەتی وەک عێل و عەشرەت و خێڵە دواکەوتووەکانی دور لە شارستانیەت ڕەفتاریان ئەکرد و ئەگەر هەڵوێستی بەرامبەرەکەیان بە دڵ نەبووایە ، ئیتر سەری دنیایان لێئەهاتەوە یەک ، بەری چاویان تاریک ئەبوو ، چرای بیرکردنەوەیان ئەکوژایەوە و شاخ و گوێیان لێئەڕوا ، چاویان ئەپەڕییە پشتی سەریان (شەلم کوێرم ناپارێزم) ئەکەوتنە پەلامار و هێرشی ناڕەوا و بیریان لە ئەنجامەکەی نەئەکردەوە.

هەرگیز هونەری نزیکبوونەوەیان نەزانیوە لەگەڵ ئەندامەکانی خۆیاندا ، لەوانەی دڵیان شکاندوون ، ڕاویان ناون ، دەریانپەڕاندوون و پەلاماریان داون ، هیچ نەبێت کارێکی وایان لەگەڵ بکردنایە ، بە لایەنی کەمەوە وەک دۆست بمێننەوە و نەبن بە دوژمن.

لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی یەکیەتییەوە ، دروشمی (ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت ، لە خانەی دوژمندا حسابی بۆ ئەکەین) باو بووە ، بۆ نمونە: لە سەروبەندی وتووێژەکەی حکومەتی بەغدا و یەکیەتی (1984) ، کێشەیەک کەوتە نێوان کاک عومەر شێخ موس (دامەزرێنەر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ینک) و یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانەوە دەربارەی شتێک کە گوایە ئەبووایە کاک عومەر بۆیانی جێبەجێبکردایە ، بەڵام ئەو بە ڕاستی نەزانی و نەچووە ژێری و نەیکرد. لەسەر ئەوە هەموو یەکیەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە جنێودان و قسەپێوتن و پەلاماری ئەو، لای منیش هەر قسەیان پێوت و ئەیانوت دەرمانکردووە ، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا یەکیەتی پێویستی بە عومەر شێخ هەبووە ، چونکە ئەو توانی یەکیەتی بە سۆشیالدیموکراتەکان و سیاسییەکانی سوید بناسێنێت ، دیدەنییان بۆ سازبکات لەگەڵ ڕۆژنامە و تێلێڤیزیۆنەکانیاندا و بە میلیۆن کرۆن پارەیان بۆ پەیدابکات.
بەرامبەر بەو پەلامارە ، کاک عومەر شێخ موس لە ساڵی 1986 دا لە کۆڕێکدا کە بۆ کوردان سازکرابوو لە شاری ستوکهۆڵم و خۆی بەڕێوەیئەبرد ، ڕایگەیاند کە ئیستیقالەی داوە لە یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و چی تر پەیوەندیی بە یەکیەتییەوە نەماوە.
نمونەیەکی تر: ساڵی 1989 چووم بۆ ئێران و بەبێ هیچ مەبەستێکی سیاسی چوومە ڕاژان و چاوم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ، کاک کەریم سنجاریی کەوت ، کارێکی شەخسییم هەبوو لە ئورمییە کە لەوانەوە نزیک بوو ، بە گەرمیی یارمەتییاندام ، بەڵام دوایی کارەکەم سەری نەگرت. ئەو کاتانە نوێنەرانی بەرەی کوردستانیی لەوێ بوون ، یەکیەتی بیستییەوە کە چوومەتە ڕاژان و وەک هەموو جارێکی تر میزاجیان تێکچوو!
ئەگەر چی هیچ ئیلتیزامێکی سیاسیم بە کەس و هیچ لایەنێکەوە

نەبوو ، یەکیەتیش لە لای خۆیەوە پرسیارێکیان لە من نەکرد و بڵێن: ئەرێ کاکە خێر بوو چوویت بۆ ڕاژان؟ لەسەر ئەو کارەی من، لە لای دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانیی بۆمیان تێچاند و ماوەی 4 مانگ منیان لە ئێران هێشتەوە و نەیانهێشت بگەڕێمەوە بۆ سوید، چونکە ئەو سەردەمە دەرچوون لە ئێرانیش ئەبووایە بە موافەقەت بووایە.

کاتێک کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکیەتی لە تاران (دکتۆر موشیر!) بە یەکجاریی هاتە سوید و بەرەو ڕووی بوومەوە! وتی: کاکە ، کێ دەرەقەتی ئەوانە دێت! بمبەخشە و پێیانکردم!

نمونەی سێیەم: ساڵی1986 کەسوکارم کچێکیان بۆ خواستم کە ماڵیان لە تاران بوو ، بەڵام دوو برای پێشمەرگە بوون لە سەرکردایەتی یەکیەتی. لە سەرەتاوە کاک نەوشیروان مستەفا قسەی خێری تیادا کردبوو کە منیش سوپاسم کرد ، بەڵام دوایی ساڵی1987 کە بۆ چارەسەری نەخۆشیی هات بۆ بەرلین (واتە نەوشیروان) هەندێک کەس خراپ تێیانگەیاندبوو ، تێکیاندا و لێمیان تیژکرد!

ماوەی ساڵێک لێرە لە سوید خەریکی مامەڵەی ئەو ژنهێنانە بووم، کەسوکاری منیش لە ئێران بە هەمان شێوە هەر خەریک بوون ، تا ئیقامەکەیم بۆ جێبەجێکرد و نزیکەی 5 هەزار دۆلارم خەرجکرد. ماوەی ئەو ساڵە هەموو کارەکان بە باشیی ڕۆیشتن و خۆشم ناوبەناو تێلێفۆنم بۆ کچەکە ئەکرد و هیچ کێشەیەکمان نەبوو ، ئەیزانی من لە هیچ حیزبێکدا کارناکەم ، دواجار کە هەموو شت تەواوبوو ، ویستم خۆم ئامادەبکەم و بلیتی فڕۆکەی بۆ بنێرم ، لەپڕ وتی: من تۆ ناناسم! وەرە بۆ ئێرە بتبینم! من شانازیی بە شاخەوە ئەکەم نەک بە سویدەوە! کەسوکاری تۆ باش نەبوون لەگەڵمدا! و... تد.

ئەمانە تازەبوون بۆ من و هیچیشیان لە جێی خۆیاندا نەبوون ،

دیاربوو خەڵکی بێویژدان کچەکەیان تێکدابوو! ماوەی سێ مانگ لەگەڵ ئەو کچە هەوڵمدا ، کەچی لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە. ئەو شانۆگەرییە هەمووی بۆ ئەوەبوو من دەست بکەمەوە بە کاری سیاسی لەگەڵ یەکیەتیدا!

کاتێک کە سەرکەوتوو نەبووم لە هەوڵەکانمدا ، ناچار بووم هەموو ئیقامە و مامەڵەکان هەڵبوەشێنمەوە و لێی جیاببمەوە.

دوای ئەوە چەند کەسێکی دیاری ناو یەکیەتی ویستیان دەست بخەنە ناو کارەکەوە و پینەوپەڕۆی بکەن ، بەڵام ڕازیی نەبووم و سودی نەبوو ، چونکە کار لە کار ترازابوو ، باڵوێزخانەی سوید لە تاران و دەزگای کاروباری بێگانەم لێرە ئاگادارکردبووەوە... کاک شێرکۆ بێکەس ئاگای لەم ڕەفتار و کردارە نابەجێیانە بوو ، هەڵوێستی باشیشی هەبوو.

بەم بۆنەیەوە بە برادەرانی یەکیەتی ئەڵێم: چیتان دەستکەوت لەم کارە؟ بۆچی ئەو زیانەتان لە من دا؟ تا کەی زوڵم ئەکەن و پەلامارئەدەن و وازناهێنن؟

لە 04-01-1988 دا نامەیەکی دور و درێژی یانزە لاپەڕەییم نوسی بۆ کاک نەوشیروان مستەفا لەسەر کردار و ڕەفتاری برادەرانی یەکیەتی لە سوید ، پەلامار و شەڕفرۆشتنیان بە خەڵک... ساڵی 1989 کە چووم بۆ ئێران و چاوم بە کاک فەرەیدون عەبدولقادر کەوت وتی: نامەکەتم بینیوە کە بۆ نەوشیروانت ناردبوو.

هەر ئەو ساڵە پێش گەشتەکەم بۆ ئێران ، براکەم بە تێلێفۆن وتی: مەچۆ بۆ ئێران! بە خوا بە تەمای هەر شتێک بیت لێتی تێکئەدەن... بەڵام کە چوومە ئێران لێم نەپرسی کێ ئەو هەڕەشانەی کردووە؟ و قسەکەی ئەویش ڕاست دەرچوو!

ساڵی2005 دوای سەردانی مام جەلال لە قەڵاچوالان ، برادەرێکی مەکتەبی سیاسی ینک لە سلێمانی سەر و دڵی حسن کەریم

(یەکێک لە براکانی منی) گرتبوو ، پێی وتبوو: کاکت لە سەرمانی نوسیوە! بۆ وا ئەکات؟ چی ئەوێت بۆی ئەکەین! هەر ئەو برادەرە کێچ کەوتبووە کەوڵی و ئەیویست بزانێت بۆچی چوومەتە لای مام جەلال! من خۆم ئەو برادەرەم بینی و وتم: سەردانی مام جەلالم کردووە و ڕێزی زۆری لێگرتووم و داوای هیچم لێی نەکردووە و هیچیش بەڕێوە نیە. کەچی بڕوای نەئەکرد ، بۆیە لێرە لە ستۆکهۆڵم خەت مائیلێکی کاڵفامی لە من ڕاستکردبووەوە بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی ئەو سەردانەم بۆ لای مام جەلال ، بزانێت .
خەت مائیلەکە خۆی و خێزانی لای من ناسراوبوون ، بەڵام هەرگیز تێلێفۆن و هاتوچۆ لەنێوانماندا نەبوو! ئەو کەوتە تێلێفۆنی یەک لەسەر یەک و جاروبار هاوسەرەکەشی بەشدار ئەکرد لە قسەکردن لەگەڵمدا و گوایە خۆی وا پێشانبدات کە موو بە نێوانماندا ناچێت! لە دۆست دۆستر و لە هاوڕێش هاوڕێترین!
ئەویشم تێگەیاند کە هیچ شتێک بەڕێوە نیە و بە تەمای هیچیش نیم. ئەو برادەرەی مەکتەبی سیاسی و خەت مائیلەکەی چونکە خۆیان ڕاستگۆ نین لەگەڵ خەڵکدا و دەبڵ مۆراڵن و زیادتر لە دەموچاوێکیان هەیە ، ئیتر وا تێئەگەن خەڵکی تریش وەک خۆیانە! دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک برادەری خەت مائیل ، وردورد کشایە دواوە و ئیتر نەک هەر تێلێفۆنی نەکردەوە ، بەڵکوو ئێستا لەسەر جادەش مەرحەبایەک لە نێوانماندا نیە! وا دیارە ئەمەش جۆرێکە لە نانپەیداکردن! ئەگەرنا کێ هەیە ئەم ڕەوشتە بە عانەیەکی قەڵب بکڕێت؟
هەر ئەو برادەرەی مەکتەبی سیاسی کە لە منالییەوە یەکتر ئەناسین ، لە سلێمانیی دڵی بە من سوتا و بەزەیی پیامدا هاتەوە و لە ڕێی یەکێک لە هاوکارەکانی خۆیەوە ئاگاداری کردم کە ئامادەیە ماڵە بەتاڵ و حەتاڵ و ڕوتەکەی من لە سلێمانی پڕ لە کەلوپەل بکات و فەرشی بکات و بۆمی دا بمەزرێنێت و

بیرازێنێتەوە!
ڕاستییەکەشی ئەوەیە من بە هۆی ئەوەی لە سلێمانیی ناژیم و بە ساڵێک یان چەند ساڵێک جارێک ئەگەر سەردانێک بکەم و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ، لەبەرئەوە هەموو ماڵەکەم بایی دە وەرەقە شتی تیادا نیە و ئەویش ئەوەی ئەزانی... بەرامبەر بەو پیاوەتییە من بەو کەسەدا سوپاسم بۆ ناردەوە و وتم کە چاوم بە کاک فلان کەوت لەو بارەیەوە قسەئەکەین. خۆشم لە مەکتەبی سیاسی چاوم بە برادەرەکە کەوت و سوپاسم کرد و پێموت: ئەزانی چەند ساڵێکە من ئیستمارەی ڕێزلێنانم پڕکردووەتەوە کە هونەرمەند و ئەدیب و نوسەر ئەگرێتەوە و ژمارەیەک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەو یارمەتییەیان پێبڕاوە ، بەڵام ئەوەی من ناکەن و دەنگی نیە! هەروەها وتم: من کاتی خۆی ڕاونراوم و لەبەر هۆی سیاسی لە وەزیفەکەم دەرکراوم و هەقم هەیە بگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم و هەقی مەدەنی خۆم وەربگرم! لەمەشیاندا هیچ دیار نیە! داوای هەردووکیشیانم کردووە!
هەر بۆ ئەو مەبەستە لە سویدەوە تێلێفۆنم بۆ دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی کرد. بە یەکێکیانم وت: ئەتوانین دە دوانزە خولەک پێکەوە قسەبکەین؟
وتی: دە خولەک زۆرە و کاتم نیە!
وتم: ئەی چۆن؟
هەر وەک ئەفسەرێک لەگەڵ سەربازەکەیدا قسە بکات! وتی: لای عەسر تێلێفۆنم بۆ بکەرەوە ، وتم: باشە!
لای عەسر کە تێلێفۆنم بۆ کردەوە ، هەموو قسەکانم لە دوو خولەکدا کۆکردەوە و وتم: ئەزانی بۆچی تێلێفۆنت بۆ ئەکەم؟ وتی: نا ، وتم یەکەم ، تۆ لە ژیانی سیاسیدا نەختێک ئازار و ناخۆشییت چێشتووە! دووەم ، ئەزمونێکی باشت هەیە سەبارەت بە مامەڵەکردنی خەڵک! پێشتر حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی

عێراق بە بەعسیشەوە کە کەسێکیان ئەگرت و ئازار و ئەشکەنجەیان ئەدا ، ئەگەر نەیانکوشتایە ، حوکمیان ئەدا. پاش تەواوبوونی حوکمەکەی ، ئازاد ئەکرا و مافی هەبوو بچێتەوە سەر کار و کاسبییکەی ، وەزیفەکەی ، خوێندنەکەی ، بەبێ هیچ مەرجێک. وا بزانە من لە زیندانی یەکیەتیدا بووم و هاتوومەتە دەرەوە و داوای مافی مەدەنی خۆم ئەکەم! پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مافم هەیە کە مافە مەدەنییەکانی خۆم وەربگرمەوە؟

وەڵامەکەی ئەویش بە ئا بوو ، منیش خێرا خواحافیزییم لێکرد.

برادەرەکەی تری مەکتەبی سیاسی کە ئەویشیان لە مێژەوە ئەناسم و کەسێکی ئاکادێمیی و ڕۆشنبیر و بەڕێزە و نرخی خەڵکی لایە و کە تێلێفۆنم بۆ کرد لەماڵەوە نەبوو ، پاشان خۆی تێلێفۆنی بۆم کرد و نزیکەی 40 خولەک پێکەوە قسەمان کرد و باسی کۆن و تازەمان کرد ، بە منی نەوت کاتی قسەکردنم نیە و پەلەمە و نازانم چی! تەنانەت وتی: ئەگەر ئەم جارە هاتیتەوە بۆ کوردستان ، ئەبێت هەموو خەرجییەکت لەسەر ئێمە بێت و ئەبێت بڕیارێکی تایبەتییش بۆ تۆ دەربچێت.

پار باسی ئەو دوو تێلێفۆنەم لەگەڵ کەسێکی نزیک بە مام جەلال کرد ، بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێت و بە تەمای هیچ شتێکیش بم! وا دیارە قسەکە دەم مام جەلال کەوتبێتەوە!

ساڵی 1976 کەسێکی نزیکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال کە خزمی منیش بوو ، ئەندازیار و بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیایەک بوو لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو ، هاتە شام و چەند ڕۆژێک مایەوە. ئەو پیاوە حساباتی تایبەتیی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەدا! پیاوەتی زۆریشی هەبوو بەسەریانەوە ، مام جەلال و هێرۆخان لە هۆتێل گواستیانەوە بۆ ماڵی خۆیان.

ڕۆژێکیان بە منی وت: بە مام جەلالم وتووە موچەکەت بۆ زیاد بکەن! بۆ سەری مانگ 100 لیرەیان بۆم زیادکرد کە زۆرم

پێناخۆش بوو! تفم لە چارەی خۆم کرد و خەبات و تێکۆشانیشم لەبەرچاوکەوت! ئەگەر هاوڕێیەکی تێکۆشانی خۆم ، یەکێک لە دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتی ، هاوڕێیەکی کۆنی شاخ ، مام جەلال خۆی بەبێ پێوتن ، ئەو یارمەتییەیان بدایە ، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆرم پێخۆشئەبوو ، بەڵام کەسێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە تێکۆشانی سەختی ئێمەوە نەبووە ، لەوە زیادتر کە دۆست و برادەری بنەماڵە بوو ، خزمی منیش بوو ، هات ئەو کارەی کرد (کە پیاوەتی بوو!). ئەوە بە تەواویی منی بریندارکرد و بۆ من سوکایەتی بوو ، بۆیە لەبەر خۆمەوە وتم: ئا ئەمەیە پاداشتی خەبات و تێکۆشانی 19 ساڵەی من ، پاداشتی کوێرەوەری و قوربانییدانی خۆم و بنەماڵەکەمان!

ساڵی 2006 سەردانی کوردستانم کردەوە ، لە ڕێی یەکێک لە خزمەکانیەوە نامەیەکم نارد بۆ هێرۆ خان ، بە عەقڵیەتی جارانی شام و تاران و هی ئەو چەند جارەی چوومەتە ماڵیان و ڕێزیان لێگرتووم ، ئەویش هەمووی سێ چوار دێڕ ئەبوو ، بۆ ڕاستکردنەوەی قسەیەک کە لە ماڵی ئەوانەوە دەرچووبوو دەربارەی من و ویستم بیسەلمێنم کە ئەو بە هەڵە تێگەیانراوە و ڕاست نیە! بەڵام نەیویست من ببینێت و ڕەنگە وا بیری کردبێتەوە کە من بە دوای بەرژەوەندی خۆمدا ڕائەکەم و ئەمەوێت شتێکم دەستبکەوێت!

ئەگەر کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە و لەسەر ئەزمونی سیاسی خۆم بنوسم ، ئەبێت باسی شەستەکان بکەم کە چۆن مامەڵە کراوم ، چونکە تا ئێستاش من یەکیەتی و مام جەلال بە بەشێک لەو سیاسەتە ئەزانم کە لە شەستەکاندا پیادەیانئەکرد. ساڵی 1964 خوێندکار بووم لە زانستگای موسڵ و لە هەمان کاتدا بەرپرسی هەموو ڕێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بووم و بە هۆی هەڵەیەکی خۆمەوە گیرام و ماوەی 45 ڕۆژ لەژێر ئازار و

ئەشکەنجەدا بووم و نەیانئەهێشت کەس چاوی پێمبکەوێت و بە تەنیا خزاندبوومیانە ژوورێکی دوو بە دوو مەترییەوە ، پاش لێکۆڵینەوە گواستمیانەوە بۆ زیندانی گەورە و گشتیی و لە زیندانی تەنیایی ڕزگارم بوو ، چەند مانگێک لەوێ مامەوە و دوایی دامیان بە دادگای (أمن الدولة) لە کەرکوک ، بەڵام نەچووم و جارێکی تریش هەر بانگیان کردمەوە ، هەر نەچووم و بە کەفالەتیش بەربووبووم ، تا دواجار بەبێ ئامادەبوونی خۆم (غیابیا) حوکمدرام و ئەمری گرتنم بۆ دەرچوو. بە هۆی ئەوەوە ساڵی 1965 ڕامکردە ئێران بۆ ئەوەی لەوێ ، یان لە وڵاتێکی تر مشورێکی خۆم بخۆم ، بەڵام ساواک گرتمیان و ئیفادەمیان وەرگرت و لە بارەگاکەیان لە شاری سنە دەستبەسەرمیان کرد و مامەڵەی میوانیان لەگەڵم ئەکرد ، نەک زیندانیی و هەموو مەسرەفێکیشیان ئەکێشام و بە ڕۆژ ئەچوومە دەرەوە بۆ گەڕان و دوای نیوەڕۆ ئەگەڕامەوە بۆ ئەوێ بۆ پشوودان. ئەو کاتە عەگید سدیق کە مامۆستا بوو (پێشتر بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو) لەو ناوە بوو (ئیتر نازانم نوێنەری بارزانیی بوو یان بە ڕێکەوت لەوێ بوو). دواتریش پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ حکومەت دایمەزراند بە پارێزگاری شاری بابل(حلە) ، ئەگەر پارتی نەڵێت خەت مائیلی خۆمان بوو لای حکومەت!

عەگید سدیق هاتە لام بۆ بارەگای ساواک و وتی: کوڕم ئەمانە دەوڵەتن! تۆ چۆن سنور ئەبەزێنیت؟ نازانیت ئەتگرن و توشی کێشە ئەبیت؟ وتم: کاک عەگید من منداڵ نیم و خوێندکاری زانستگام و ڕاونراوم و بۆ شایی و زەماوەند نەهاتووم بۆ ئێرە... دواجار وتی ئەتگێڕنەوە بۆ لای خۆمان و چاوەڕوانبە.

پاش چەند ڕۆژێک ئەوتۆمۆبیلێکی پڕ لە جامانە سور هاتە بەردەمی بارەگای ساواک و وتیان فەرموو لەگەڵمان سواربە.

ئەوتۆمۆبیلەکە بەرەو گوندی ساوجی کەوتە ڕێ.

ئەوسا خوالێخۆشبوو بارزانیی بارەگای خۆی هێنابووە گوندی ساوجی نزیک سنوری عێراق- ئێران لە ناوچەی پێنجوین ، وا بزانم گوندەکە سەر بە ئێران بوو. لەوێ فرێیاندام ، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن. ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکخێڵەکان و ئەفسەرەکانی شۆڕش لەوێ بوون. بە ڕێکەوت خوالێخۆشبوو تایەر عەلی والی بەگ لەوێ بوو کە پێشتر ئەمناسی و منی بردە ماڵی خۆیان و میوانداریی کردم. ڕۆژی ئایندە پێکەوە پیاسەمان ئەکرد ، عەبدولوەهاب ئەتروشیی بەرەو ڕوومان هات و یەکسەر بە شێوەیەکی ڕەق بە منی وت: تۆ جەلالییت! خەریک بوو وەڵامی بدەمەوە ، بەڵام کاک تایەر پێیوت: عەبدولوەهاب! هەقت نیە بەسەریەوە ، ئەویش بێدەنگ بوو! ئەو سەردەمە جەلالیی و مەلایی هێشتا دەستیان نەچووبووە خوێنی یەکترەوە ، ئەکرا بەرپەرچی هەموو کەسێک بدەیتەوە!

دوای دوو ڕۆژ و پاش نیوەڕۆیەکی دەمەو عەسر ، بارزانیی لە دوریی50 مەترەوە منی لەگەڵ کاک تایەر بینی و وتبووی ئەو سەر ڕوتە کێیە؟ ئەوانیش تێیانگەیاندبوو.

بارزانیی بە ڕۆژ ئەنوست و بە شەو بە خەبەر بوو ، هەر لەو کاتەدا کە من لەوێ بووم ، هێنری کیسینجەر- وەزیری دەرەوەی ئەمێریکا و ئەمیر عەباس هوەیدا- سەرۆکوەزیرانی ئێران ، سەردانی بارزانییان کرد ، لە گوندی ساوجی ، کۆبوونەوەی خۆیان لەگەڵ کرد و گەڕانەوە ، دوای ئەو کۆبوونەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئەوتۆمۆبیلی سوپای ئێرانیی سەرداپۆشراو هاتنە ساوجی و بارەکانیان دائەگرت و ئەگەڕانەوە.

پێش ئەوەی گوندی ساوجی جێبهێڵم ، داوام لە خوالێخۆشبوو مولازم تایەر و خوالێخۆشبوومەحمود بەگی گۆڵێ کرد کە ڕوو لە بارزانیی بنێن بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات و بە ڕەسمیی بچمەوە ئێران. پێیان وت ، بارزانیی لە وەڵامدا وتبووی: ئەوە کێشەمان بۆ

دروستئەکات ، با بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. خۆشی دوای چەند ڕۆژێک تاوی ئەسپەکەی داو لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری خۆی ، گوندی ساوجی جێهێشت. ئەو کاتە هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی تازە لە هەمەدان گەڕابوونەوە بۆ کوردستان (پاش ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانییدا) و چووبوونە گوندی سیاگوێزی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید و دۆڵەڕەقەی عەباسی مامەند ئاغای سەرکەپکان.

لە گەڕانەوەدا بۆ سلێمانیی ، لە گوندی حاجی مامەند لامدا بۆ لای خزمەکانم ، خوالێخۆشبوو فەتاح ئاغای حەمەومین ئاغای نۆڕک ، خۆی و پێشمەرگەکانی لەوێ بوون و پێی زانی کە من هاتووم و حەزیئەکرد چاوی پێم بکەوێت- ئێمە یەکترمان نەئەناسی- منیش چووم بۆ لای و پیاوێکی جوامێر بوو ، زۆر ڕێزی لێمگرت و ماوەیەکی دور و درێژ پێکەوە قسەمان کرد و حەزیئەکرد بمێنمەوە و لەگەڵیاندا کاربکەم ، منیش بەپێی تێگەیشتنی خۆم وەڵامم دایەوە و خزمەکانم پێیان سەیر بوو ، ئەیانوت چۆن وێرات وا بڵێیت؟ منیش وتم: شتی خراپم نەوتووە ، هەر کەسە و بە باوەڕ و بیروڕای خۆی.

دوای گوندی حاجی مامەند ، لە ڕێی گۆیژە و خانووە قوڕەکانی ئەوساوە خۆم کردەوە بە شاری سلێمانییدا و دیسان خۆم شاردەوە تا بەیانی 29 ی حوزەیرانی 1966 خوێنرایەوە و بارەگا و ڕێکخستنی ئاشکرا سەریان هەڵدایەوە. کێشەی ئەوسای من ئەوە بوو نەمئەتوانی درێژە بە خوێندن بدەم ، یان وەک کارمەندێک لە جێگایەک دابمەزرێم و کاربکەم ، چونکە لە دادگاوە حوکم درابووم و ئەمری گرتنیشم لەسەر بوو ، ڕێکخستن و حیزبەکەشم لە خەمی خۆیاندا بوون و نەئەپرژانە سەر من. چەند مانگێکم بەو شێوەیە بردەسەر و دوایی چوومە بەغدا و ڕووم لە خوالێخۆشبوو حیلمی عەلی شەریف نا کە نێوانمان زۆر خۆش بوو ،  پیاوەتی

لەگەڵم کرد و دەنگی منی گەیاندە لای سەرۆککۆماری ئەوسای عێراق ، عەبدولرەحمان عارف کە ئەویش لە لای خۆیەوە مەرسومێکی جمهوریی بۆم دەرکرد و منی بەخشی و حوکمەکەی لەسەرم لابرد. ئەمەم بە هیچ جۆرێک لە لای ڕێخستنەکەم لە شاری سلێمانیی ، باس نەکرد.
ساڵی 1968 زانستگای سلێمانیی دامەزرا و پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەند هەبوو. هەندێک لە بەرپرسەکانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی لقی سلێمانیی کەوتنە دامەزراندنی خزم و کەسوکاری خۆیان. منیش لە خێزانێکی دەستکورت بووم و حاڵمان شڕ بوو ، باری ئابوریمان شێوا بوو. داوام لە برادەرەکانم کرد یارمەتیم بدەن کە دابمەزرێم، کەچی گاڵتەیان بە قسەکەم ئەهات و وەک بە من بڵێن زانستگا شوێنی کوڕە دەرەبەگ و سەرۆکخێڵ و کوڕە دەوڵەمەندە و خواردنی تۆ نیە! بە مەرجێک ئەو کاتە من یەکێک بووم لە کەسە چالاکەکان و دەروێشە سەرگەرمەکان.
ناچار بۆ ئەمەشیان چووم بۆ بەغدا و ڕووم لە خوالێخۆشبوو حیلمی نا کە لەمەشیاندا پیاوەتی کرد و بە سەرۆکی زانستگای وت کە دامبمەزرێنێت.
ئەوسا من و کاک حیلمی و کاک روشدی جوانەمەرگی برای پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان هەبوو ، لە ڕێی ئەوانیشەوە پەیوەندییم لەگەڵ خوالێخۆشبوو رەئیس حەمەومینی مەلا فەرەج زۆر خۆش بوو کە ئەویش لە لای خۆیەوە زۆر یارمەتی خێزانی ئێمەی دا ، بەتایبەتیی کە برایەکی ترمان ویستی لە کۆلێجی پۆلیسیی بەغدا وەربگیرێت و بخوێنێت ، ئەو لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەو کاتەی عێراق (حەماد شەهاب) نێوانیان زۆر خۆش بوو ، یارمەتی براکەی من و دەیان کەسی تری دا بۆ وەرگرتنیان لە کۆلێجەکانی پۆلیس و سەربازیی لە بەغدا.

ئەو سەردەمە برادەرێک ، بە هۆی ئەوەوە کە خزمایەتی هەبوو لەگەڵ ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، خۆشی کۆیی بوو ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو ، لە هەمان کاتدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی لقی سلێمانیی بوو ، چارەی من و ژمارەیەکی تری نەئەویست بە هۆی ئەوەوە کە ئێمە هەموو خۆمان بە چەپ ئەزانی ، ژێربەژێر و لە پشتەوە پاشقولی زۆری لە من گرت ، کەسێکی دووڕوو بوو ، خۆشی زۆری نەخوێندبوو، لە مەکتەب و زمانی عەرەبیی نەئەزانی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە دزیی برادەرانەوە پەیوەندیی بە منەوە ئەکرد کە یارمەتی بدەم و هەندێک ڕاپۆرتی بۆ وەربگێڕم ، لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردیی ، بەپێچەوانەشەوە لە زمانی کوردییەوە بۆ عەرەبیی و هەمووی پەیوەندیی بە چالاکی سەربازیی و پێشمەرگەوە هەبوو ، بە منی ئەوت: تکایە با برادەران بەمە نەزانن (مەبەستی ئەندامانی لق بوو)! چونکە بەڕاستیی ئەگەر برادەران بەوەیان بزانیایە ، ئەوا لێیان ئەکرد بە هەڵڵا و قسەی زۆریان دوائەخست ، چونکە هەندێکیان بە هۆی لوتبەرزیی و خۆبەزلزانینەوە خواخوای شتێکی وایان بوو. ناوبەناو وتاری ئەنوسی بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ڕزگارییدا کە لەو سەردەمەدا دەرئەچوو ، ئەوانیش هەڵەکانیان بۆ ڕاست نەئەکردەوە و بە ناوی خۆیەوە بۆیان بڵاوئەکردەوە بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن ، ئا ئەمەیە ئاستی ڕۆشنبیریی بەرپرسێکی شاری سلێمانی.

ئەو برادەرە لەدوای خوێندنەوەی بەیانی 11 ی ئازاری 1970 وە لە گۆڕەپانی سیاسی ون بوو ، چووە بەغدا و لەوێ دایکوتا ، ئیتر سەریهەڵنەدایەوە ، تا ئەو ساڵانەی دوایی کە بیستم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دایانمەزراندووە و ئێستاش بە پلەی وەزیر ماڵنشین کراوە!

## سەردانەکەم بۆلای سەرۆک کۆماری عێراق!

سەردان و بینینی سەرۆککۆمار لە هەموو وڵاتێکی دنیادا ، بۆ دیپلۆمات و شاندە بیانییەکان و بەرپرسە گەورەکانی وڵات ، کارێکی ئاسانە و زوو خۆی ئەدات بەدەستەوە ، بەڵام بۆ خەڵکی تر ناونوس و چاوەڕوانیی زۆر دێتە پێشەوە کە جاری وا هەیە بە هۆی چڕوپڕیی بەرنامەکانی سەرۆکەوە ، زۆر ئەخایەنێت. ئەوەی ئەیەوێت سەردانی سەرۆک بکات ، بە لایەنی کەمەوە ئەبێت ئەو بیناسێت و لە ئامانجی چوونەکەی بزانێت ، بۆ ئەوەی ڕازیی ببێت کە ئەو کەسە بچێت بۆ لای.

لە پاییزی 2004 دا ، پێش ئەوەی مام جەلال ببێت بە سەرۆککۆماری عێراق ، لە کوردستان بووم ، براکەم - حەمە سەعید- لە قەڵاچوالان چاوی بەو کەوتبوو بۆ کاری خۆیان و پێی وتبوو کە من بە سەردان هاتوومەتەوە و ئەگەر پێتخۆشە ، حەزئەکات چاوی پێتبکەوێت ، ئەویش وتبووی ئەم یەک دوو ڕۆژە سەرم قاڵە ، با لێم بوەستێت ، منیش بە هۆی ئەوەوە کە کاتی دکتۆرم هەبوو ، زۆر نەمامەوە و گەڕامەوە بۆ سوید و ڕێکنەکەوت بیبینم.

لە مانگی ئابی 2005 دا لە ڕێی پۆستی ئێلێکترۆنییەوە نامەیەکم بۆ سەرۆک نوسی و لە ڕێی یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی خۆیەوە لە بەغدا کە پیاوەتی لەگەڵم کرد بە دەستی گەیشت و دوو هەفتەی نەبرد کە بە ئیمەیل وەڵامم پێگەیشتەوە و سەرۆک ڕازیی بوو کە چاوی پێمبکەوێت. منیش وردە وردە کەوتمە خۆکۆکردنەوە و لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی 2005 دا سەفەرم کرد و پاش چەند ڕۆژێک پشوودان لە شاری سلێمانی ، تێلێفۆنم کرد کە گەیشتووم. هەفتەیەکی نەبرد شەوێکیان زەنگیان بۆ لێدام و ئاگادارمیان کرد بۆ سبەینێ کاتی10 ی بەیانیی ئامادەببم بۆ

ئەوەی بێن بە دوامدا و پێکەوە بچینە قەڵاچوالان. ڕۆژی 13-12-2005 لە کاتی دیارییکراودا هاتن بە دوامدا و کەوتینە ڕێ. ئەو ڕۆژە مام جەلال منی نەبینی و چوونەکەم بوو بە دەعوەتی نانخواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی و کەسێکی تر.

ڕۆژی 14-12-2005 ، واتە ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق ، هاتنەوە بە دوامدا و چووینە قەڵاچوالان و لە میوانخانەکەی ئەوێ دانیشتم و زۆری نەبرد ڕاوێژکارەکەی هات و بەرەو نوسینگەکەی سەرۆک ڕۆیشتین کە نزیکەی 50 مەترێک لە میوانخانەکەوە دور بوو. بینیم مام جەلال هاتووەتە دەرەوەی نوسینگەکەی خۆی و لە هەیوانەکە لەسەر جۆلانەیەک دانیشتووە و چاوەڕوانی من ئەکات و کە منی بینی لە جێی خۆی هەڵسا و بە گەرمیی پێشوازیی لێکردم و بەخێرهاتنی کردم و بەزۆر پێش خۆی دام بۆ ژوورەوە بۆ نوسینگەکەی خۆی کە بۆ من ناخۆش بوو (خەجاڵەتم کێشا) ، چونکە ئەو بەتەمەنتر بوو لە من و ئەو سەرۆککۆمار بوو!

چووینە ژورەوە و کامێرای تێلێڤیزیۆن لەوێ بوو ، هەموو دانیشتنەکەیان تۆمار کرد. لە نوسینگەکەی بەدەم قاوەخواردنەوەوە ، پیرۆزبایی بوونی بە سەرۆککۆمارم لێکرد ، هەروەها سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لە منی کرد ، ئەگەر بە ویژدانەوە بیگێڕمەوە ، ئەو ڕێزەی مام جەلال لە منی گرت ، ئەگەر بەرپرسێکی گەورەی وڵاتێکی بیانی سەردانی بکردایە ، هەر ئەوەندەی من ڕێزی ئەگرت ، جارێ لە ڕێوە دەستی خستە سەرسەری و وتی: بەم چاوانە ، بەم سەرە ، چی ئەڵێیت بۆتی بکەم. لە ڕاستییدا من زۆر سوپاسم کرد ، بەڵام داوای هیچم نەکرد ، ئەگەرچی لە بەشێکی نامەکەم کە بۆیم ناردبوو ، نوسیبووم: ئەگەر تاکە کەسێک هەبێت یارمەتی من بدات ،

حەزئەکەم خۆت بیت و کەسی تر نا.
ماوەی 40 خولەک لای سەرۆککۆمار دانیشتم کە لەچاو خەڵکی تردا زۆر زۆر بوو ، چونکە دەیان کەسی تر لە دەرەوە چاوەڕوانییان ئەکرد و منیش بە حسابی چاوپێککەوتنە کۆنەکانی سالانی پێشوو چووم بۆ لای ، بەڵام لەمەیاندا کەوتمە هەڵەوە! چونکە ئێستا ئەو بە حوکمی پۆستەکەی کاتی ئەوەی نیە سەری خۆی بخورێنێت. کاتێک کە چل خولەکەکە تەواوبوو وتم: مام جەلال ، دەزانیت قسەکانم تەواو نەکردووە؟ ئەویش وتی: وەرە بۆ بەغدا و چەند ڕۆژێک میوانمانبە و لەوێ ماوە زیادترە بۆ قسەکردن.
لەو چەند خولەکەی لای ئەو دانیشتبووم سێ باسم وروژاند. یەکەمیان کێشەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بوو کە تا ئێستاش گەورەترین کێشەیە بە هۆی ئەوەی پەیوندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا و وتم:
میللەت ئەناڵێنێت بە دەست ئەم کێشانەوە و کۆمپانیای بێگانە دەست ماچئەکەن کارگەی ئاو و کارەبا دابنێن ، ئەگەر پارەوپولیان بۆ خەرجبکرێت! ئەویش وتی: خەڵک پەلەیەتی و ئەوە بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت ، ئیتر منیش لەسەری نەڕۆیشتم.
دووەمیان وتم:
مام جەلال .. ئەزانیت بۆشاییەکی گەورە هەیە لەنێوان سەرکردایەتی کورد و جەماوەر و پێویستە پڕبکرێتەوە ، ئێمە خاوەنی دەریایەک لە خەڵکی پسپۆر و شارەزاین لە بوارەکانی ئابوری ، یاسا ، کۆمەڵایەتی ، سیاسەت... تد ، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە سیاسی و ڕۆشنبیر و نوسەر و ئەدیب و هونەرمەندین ، مەرج نیە ئەمانە هەموو حیزبیی بن ، بەڵام ئەتوانرێت سودی زۆریان لێوەربگیرێت و بهێنرێنە مەیدان!
لەمەیاندا وەڵامێکی ئەووتۆی نەبوو. دیاربوو بە دڵی نەبوو ،

بەڵام بۆ سێیەمیان کە وتم:
ماندووبوونت پێوە دیارە و پێویستت بە پشوودان هەیە! هەستمکرد پێی گرژ بوو ، هەرچەندە من مەبەستێکی خراپم نەبوو لەوە زیادتر کە بۆ بەرژەوەندی ئەو قسەکەم کرد و لەبەرئەوەی کە چەند ساڵێکە لە ئەوروپا ئەژیم ، ئەزانم هەر کەسێک تەمەنی لە 65 ساڵ تێپەڕی کرد ، ئیتر ماڵنشین ئەکرێت. ڕاستە ناوبەناو سیاسییە بەتەمەنەکان لە پۆستەکانیاندا ئەمێننەوە ، بەڵام هەموویان نا و زۆریش نا. لەسەر ئەمەیان ئەگەر مام جەلال پێی عەیب نەبووایە ئەوا بە پاڵ لە نوسینگەکەی ئەیکردمە دەرەوە ، مەگەر خواش بۆ خۆی بزانێت دوایی چی پێوتووم!
خەڵکی تر کە ئەچنە لای مام جەلال ، ژمارەیەکی کەمی لێدەربچێت ، ئەوانی تر فێری ئەوەن کە داواکانیان بخەنە سەر پارچە کاغەزێک کە بریتییە لە بەدەستهێنانی زەوی و خانوو ، ئەوتۆمۆبیل ، ناوماڵ ، ژنهێنان ، پارە ، خانووتازەکردنەوە... تد ، ئەویش ئەڵێت: ئەمەیان ئەبێت و ئەوەیان نابێت و ئەوەیان بیری لێئەکەینەوە و ئەوەیان بابمێنێت و... بەو شێوەیە لە ماوەی 10 – 15 خولەکدا ڕازییان ئەکات و سەری خۆی سوک ئەکات! هی وا هەبوو چەند ساڵێک لەمەوبەر خۆم گوێم لێی بووە کە ئەیوت : کوڕە با بڕوا! خۆ دوو دەفتەری نەنارد خەرجیبکەین!
لە ڕاستییدا کە من چوومە لای مام جەلال بیرم لە دەستکەوت و بەرژەوەندی تایبەتیی خۆم نەکردبووە و بۆ ئەوە نەبوو پلە و پایە و پارە بەدەستبهێنم ، من لەپاڵ ئەوەی هەندێک کێشەم هەبوو کە ئەوانەی خوار خۆی جێبەجێیان نەئەکرد ، هەندێک قسەی زۆریش هەبوو کە لە لای من کۆبووبوونەوە و لەسەر چەند لاپەڕەیەک تۆمارم کردبوون ، حەزم ئەکرد لەگەڵیدا باسی بکەم کە بەشێکی ئەوانەن ئێستا هەڵیانئەڕێژم.
لەوانە زیادتر ئامانجێکی ترم نەبوو لەو سەردانە ، بەتایبەتیی

من لەساڵی 1977 وە سیاسەت ناکەم ، بەو مانایەی ئەندام نیم لە حیزبێک و ڕێکخراوێکی سیاسیدا ، کەسیش ناتوانێت خۆی داببڕێت لە سیاسەت ، چونکە سیاسەت پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی هەموومانەوە هەیە ، جگە لەوە ، ئەمە یەکەم جار نەبوو کە من سەردانی مام جەلال بکەم ، لە شەستەکانەوە من ئەناسێت و لەدوای وازهێنانیشم لە سیاسەت لە هەر وڵاتێک کە زانیبێتی منی لێم ، ناردوویەتی بە دوامدا و سەردانم کردووە.
ساڵی 1980 لە کەنداوەوە ئەچووم بۆ ئەوروپا و لە شام لامدا ، ئەو کاتە بوو کە فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس توزژەڵەیان بۆمبباران کرد و ژمارەیەک شەهید و بریندارى لێ کەوتەوە.
یەکێک لە بریندارەکان براکەی من بوو (حەمە سەعید). لە پێشاندا هەواڵی شەهیدبوونی هاتبوو ، دوایی وتیان نەخێر بریندارە و لە خەستەخانەیە. هەر لەو گەشتەدا بە کارێک چووم بۆ عەممان و گەڕامەوە. برادەری ئازیزم خوالێخۆشبوو شازاد سائیب کە ئەوسا لە شام بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکیەتی بوو، وتی: ئەوە تۆ لە کوێیت؟ مام جەلال بە دواتا ئەگەڕێت ، وتم: لێرە نەبووم و ئەچم بۆ لای. بەبێ تێلێفۆنکردن چووم بۆ ماڵەوە بۆ لای. ڕەمەزان بوو ، میر تەحسین بەگی سەرۆکی ئێزدییان لە لای دانیشتبوو قاوەی ئەخواردەوە ، هەروەها شەهید مولازم سەید کەریم. پاش بەخێرهاتن ، کەوتە پیاهەڵدانی حەمە سەعیدی برام کە تا ئێستاش نێوانیان خۆشە و مام جەلال خۆشی ئەوێت و یارمەتی زۆری داوە ، بە پێچەوانەی ئەوەوە ، هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لای لەو نەکردووەتەوە کە دەیان ساڵ وەک بزنەکێویی لەو شاخانە بە دوایانەوە بوو! بۆ مردنیش لەگەڵیاندا بوو! دیارە ئەوانە کەسێکیان ئەوێت کە کڕنوش بەرێت و چۆکدابدات و دەستندەخۆریان بێت ، لەبەر دەرگاکانیاندا بکڕوزێتەوە ، ئەوەش بە حەمە سەعید ناکرێت. مام جەلال وتی:

شکور باشە و لە خەستەخانەیە ، بۆ ناچیت بۆ تاران بۆ لای؟ وتم: حەزئەکەم ، بەڵام ڤیزەم نادەنێ ، چونکە لە عەممان چووم بۆ سەفارەتی ئێرانیی بۆ ڤیزە ، بەڵام نەیاندامێ. وتی: ئێمە ڤیزەت بۆ وەرئەگرین. دواتر ئەوان ڤیزەکەیان جێبەجێکرد و منیش گەشتەکەم بۆ تاران کرد.

لە جارێکی تردا ، ساڵی 1989 چووم بۆ ئێران بۆ چاوپێکەوتنی دوو برا و خوشکێکم و زاوایەک کە پێشمەرگەی یەکیەتی بوون و پەڕیبوونە ئێران ، هەروەها هەواڵی پورزایەکم پێگەیشتبوو کە خۆی و هاوسەرەکەی لە کیمیابیبارانی هەڵەبجەدا شەهید بووبوون و ئەمویست بزانم مناڵەکانیان چییان بەسەرهاتووە. لەو جارەشدا مام جەلال جوامێریی نواند و ئامادەیی خۆی پێشاندا کە دەعوەتی من بکات لە مەکتەبی سیاسی لە قاسمە ڕەش ، (گوایە ئەگەر قسەکەیان نەشکێنم!) ، ئەمە لە ڕێگەی حەمە سەعیدی برامەوە بوو ، ئەو کاتە بوو کە یەکیەتی و پارتی توشی نوچدان و کەوتن بووبوون ، حەزیانئەکرد لە خەڵک نزیکببنەوە. سوپاسی مام جەلالم کرد و وتم: ئێمە هەمووومان لە ئێرانین و پێویست بە دەعوەت ناکات و لە دەرفەتێکدا بە خزمەتی ئەگەین. پاش ماوەیەک من و کاک عومەری سەید عەلی و حەمە سەعیدی برام لە سەقز سەردانیمان کرد و ئەویش خۆی و مەجلیسەکەی کە 20 کەس زیادتر ئەبوون ، لەبەرمان هەڵسان و ڕێزی زۆریان لێگرتین و کاتێکی دور و درێژمان پێکەوە بردەسەر.

لە جارێکی تردا ، دوای چەند مانگێک ، لە تاران ، کاک عومەری سەید عەلی نارد بە دوای من و براکەمدا بۆ هۆتێل و ئەو نیوەڕۆیە دەعوەتی ئەو بووین بۆ نانخواردن لە ماڵی خۆیان.

دانیشتنەکەی من و مام جەلال لە قەڵاچوالان کە بە کامێرا و بۆ تێلێڤیزیۆن هەمووی تۆمارکرا لەگەڵ ئەو وێنانەی کە گیران ، بڵاونەکرایەوە و لە ئەرشیڤدا هەڵیانگرت. وا دیار بوو مام جەلال

چاوەڕوانی زیادتری لە من ئەکرد و ئەنجامی دانیشتنەکەی بە دڵ نەبوو ، چونکە پرسیاری مانەوەی لە من کرد و وەڵامەکەی من بە دڵی ئەو نەبوو. ئەتوانم بڵێم ئەو لەمەیاندا لەگەڵ مندا ، بە هەڵەدا چوو ، لەبەرئەوەی:

یەکەم: من وەک دۆستێکی دێرین سەردانی ئەوم کرد ، وەک جاران و لەسەر حسابی کەسی تر نا.

دووەم: ڕۆژانە پێشوازیی لە خەڵکی جۆراوجۆر ئەکات کە کەناڵە ئاسمانییەکان پێشانیئەدەن و ژمارەیەکیان هەر ناحەز و دوژمنی کوردن!

سێیەم: من نزیکەی 30 ساڵە لە ئەوروپا ئەژیم ، تێرم خواردووە لەوەی وێنەی خۆم لەگەڵ کەسێکی ناسراوی وەک مام جەلالدا ببینمەوە ، ئەوە بۆ کەسێکی هەرزەکار و نەدی و بدی باشە. ئێمە دەیان جار وەزیرەکان ، بەرپرسەکانی ئەم وڵاتەمان بە سواری بایسکل ، یان لەناو شەمەنەفەردا بینیوە ، من خۆم بە ڕێکەوت شای مەملەکەت و هەموو سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتەم لەم گۆڕەپان و ئەو جادە و ئەو جێگا بینیوە کە پاسەوانێک یان دووانیان بەدواوە بووە.

چوارەم: کاتێک کە جاری یەکەم و دووەمیش ویستم بچم بۆ بەغدا، دەرگایان لێداخستم ، لەسەر پێشنیار و قسەی مام جەلال خۆی بوو، ئەگەرنا من ئەو هەوڵەم نەدەدا ، ئەمەش بۆ ئەوە بوو قسەکانم تەواوبکەم و هیچی تر.

کاتێک کە بە سەردانەکەی من بۆ قەڵاچوالان زانرا ، توانج و قسەی زۆرم بەر گوێ کەوتەوە ، لەوانە: ئەرێ وەڵڵا نانی کەوتە ڕۆنەوە! بیتاقەی بۆ دەرچوو! بوو بە یەکشەوە! دوایی پاش تێپەڕبوونی ساڵێک کە هیچ دیار نەبوو ، هەر ئەو تەنگەتیلکە و نەفەسکورت و کاڵفام و نەخۆش و بێویژدانانە وتبوویان: مام جەلال ڕووی نەداوەتێ و هیچی بۆ نەکردووە ، کەوتبوونە قسەوتن

بە من لە پاشملە. هەندێکی تر پێیان وا بوو من لەسەر حسابی کوتلە و گروپی تر چوومەتە لای مام جەلال و ئەمەوێت لەو ڕێیەوە بازرگانیی بکەم و شتێکم دەستبکەوێت.
لە ڕاستییدا ئەمانە هیچیان ڕاست نەبوون ، لەوەش زیادتر هیچی تر نەبوو کە خەڵکی بێویژدان تفەنگیان بە تاریکییەوە ئەنا.
ڕۆژەکانی دوای چوونم بۆ قەڵاچوالان ، ژمارەیەک لە دۆست و برادەر لە سلێمانیی لە سەرجادە ڕایانئەگرتم و ئەیانویست شتێک بزانن ، هەندێکی تر کە هەرگیز دەعوەتی منیان نەکردبوو بۆ ماڵەوە ، یان بۆ یانەی شەوان ، کەوتنە دەعوەتکردن ، لە سویدیش هەندێک بایاندایەوە بە لای مندا و ئەو ڕۆژانە من کەسێکی شیرین و تایبەت بووم و بە ژەهری مارەوە ئەخورام!
بەڵام ساڵێک دوای ئەوە ، ئەوانە ، کەسیان لە منیان نەپرسییەوە و تا ڕادەیەک کەسێکی چارەگران بووم لایان و تێلێفۆنێکیشیان بۆم نەئەکرد ، برادەرە کۆنەکانی خۆم نەبێت کە لە خۆیان نەگۆڕابوون ، ئەوانی تر هەموو تەرەبوون! لە ڕاستییدا دنیاکەش ئێستا گۆڕاوە و وەک جاران نەماوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیادتر گۆڕاون بۆ پەیوەندییەکی مادیی و هیچی تر ، شتە گران و بەنرخەکان باویان نەماوە.
چەند برادەرێک ئەناسم کە لە سوید سۆشیال بەخێوی ئەکردن ، ئێستا بوونەتە تازەدەوڵەمەند و بە دەفتەر قسەئەکەن ، بێزیان نایەت لا لە خەڵکی وەک من بکەنەوە ، بگرە پێیان عەیبە مەرحەبای ئێمەمانانیش بکەن. ئەمانە توێژێکی تایبەتن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کە لە گەندەڵییدا نقوم بوون و تەنیا لە خەمی خۆیان و گیرفانی خۆیاندان ، جا لەبەرئەوە ، بە ئاشکرا ژمارەیەک لە خەڵکە دواکەوتووەکە ، عەقڵیان پەڕیوەتە چاویان ، ڕوویان لەوانەیە کە بەرپرس و پارەدارن ، سیستمی بەڕێوەبەرایەتی و ئابورییش لە کوردستاندا یارمەتیدەرن کە

هەندێک وا بیربکەنەوە و بە دوای ئەوانەدا ڕابکەن.

## سەردانی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانیی لە بەغدا

ساڵی 1974 زانستگای سلێمانی دوو جار منیان پاڵاوت بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ، یەکێکیان بۆ دکتۆرا لە دیراساتی کوردییدا لە سۆڤیەت و ئەوی تریشیان بۆ ماجیستێر لە ئابوریدا لە فەرەنسا.
لە هەردوو جارەکەدا ئەبووایە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو کەسە لە فیلتەری خۆیان بدەن و لێی دڵنیا بن ، ئەوسا ڕێی پێبدەن بڕواتە دەرەوە و لێرە لە وڵات موچەکەی بۆ خەرجبکەن و لەوێش لە دەرەوەی وڵات مەسرەفی بکێشن.
جاری یەکەمیان دوای کارەکە نەکەوتم بۆ بەغدا و گوێم نەدایە ، وا تێگەیشتبووم کە کۆسپ نایەتە بەردەم و جێبەجێبوونی مسۆگەرە ، بەڵام بە پێچەوانەوە من تاکە کەسێک بووم کە ڕێیان پێنەدام بڕۆمە دەرەوە.
بۆ جاری دووەم دوای کەوتم و بۆی چوومە بەغدا و ئیتر تێگەیشتم یان ئەبێت بووبیت بە بەعسیی ، یان سەربە ڕێکخراو یان حیزبێکی کوردیی کارتۆنیی بیت ، یان پاڵپشتێکی باشت هەبێت بۆ ئەوەی لەسەر حسابی حکومەت بۆ خوێندن بچیتە دەرەوە.
منیش هیچ یەکێک لەوانە نەبووم.
بە ڕێکەوت برادەری جوانەمەرگ ، خوالێخۆشبوو شازاد جەمیل سائیب لە بەغدا بوو ، باسم بۆ کرد کە شتێکی وا هەیە ، ئەویش خوالێخۆشبوو شێخ عوبێدوڵڵای ئەناسی و وتی: ئەچینە لای بزانین چیمان بۆ ئەکات.
ئەو کاتە شێخ عوبێدوڵڵا وەزیری دەوڵەت بوو ، چووینە لای ، منی بەو ناساند و لەگەڵ ئێمە زۆر جوامێر بوو ، ڕێزی زۆری لێگرتین و کەوتە تێلێفۆنکردن بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتیی لە وەزارەت و کە لە قسەکردن بووەوە یەکسەر پیرۆزبایی لێکردم و وتی: کارەکەت جێبەجێ بوو.

ئەو کاتەی ئێمە لای دانیشتبووین ، خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ) و لیوا کەمال موفتی هاتن بۆ لای شێخ عوبێدوڵڵا.

ڕۆژی ئاینده کەسێک بە ناوی هۆشەنگ ئەنساری تێلێفۆنی بۆ کردم بۆ هۆتێل و وەک یەکیەتی قوتابیانی کوردستان خۆی پێم ناساند و وتی: حەزئەکەین سەردانمان بکەیت و ئامادەین بۆ هەموو یارمەتیدانێکت. منیش ناونیشان و تێلێفۆنەکەیانم وەرگرت و وتم: سەرتان لێئەدەم! بەلام نەچووم ، لای ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەگەڵ حەمە سدیقی محامی و چەند برادەرێکی تر یەکمانگرت و لە یانەی وەزارەتی ڕاگەیاندن دانیشتبووین و چپاندم بە گوێی حەمە سدیقدا و وتم: شتێکی وا هەیە و جوڵەیەکم بۆ بکە. وتی: بە خوا لەگەڵیان نەبیت هیچت بۆ ناکەن! ڕۆژی دوای ئەوە ئەمویست خۆم کۆبکەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانیی ، یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتی هۆتێلەکەوە وتی تێلێفۆن بۆ تۆیە ، سەیرمکرد شێخ عوبێدوڵڵا بوو , وتی حەزئەکەم سەرێکم لێبدەیت. کاتێک کە چووم ، ئەم جارەیان گەرمتر لە جاری یەکەم پێشوازیی لێکردم و پاش قاوەخواردنەوە و نەختێک قسەکردن تێمگەیاند کە ئەگەڕێمەوە بۆ سلێمانیی و ئەم کارە ئەوەندە ئاسان نیە! ئەویش وتی: کاک عارف تۆ ئازادیت ، بڕوا بکە بۆ تەوالێتیش دوان لەو سەگانە بە دوامەوەن و پێم ناخۆشە بەو شێوەیە ئەگەڕێیتەوە.

وتم: یا شێخ سوپاسی جەنابت ئەکەم و تۆ درێخییت نەکردووە و چی لە دەستت هاتووە کردووتە و یارمەتی زۆری منت داوە ، بەڵام ئەوان بڕیار و ڕۆتینی خۆیان هەیە و ڕەنگە بۆ من دەست نەدات! دوایی خواحافیزییمان لە یەکتر کرد و لای ئەوم جێهێشت. ئەم جارەشیان وەزارەتی خوێندنی باڵا منی قبوڵ نەکرد بۆ چوونە دەرەوە!

لێرەدا کە باسی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانیی ئەکەم ، ئەمەوێت بە

خوێنەر و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان بڵێم: ئەو پیاوە هاوڕێ و هەڤاڵی تێکۆشانی من نەبوو ، بەرپرسم نەبوو ، ئەوە یەکەم جار بوو بە هۆی برادەرێکی خۆمەوە بچمە لای و بیناسم ، بێگومان ئەویش کارێکی بە من نەبوو ، بەڵام کار و کردار و پیاوەتی و یارمەتی و قسەی شیرینی ئەو ، بۆ من زۆر بوو کە بیرم ناچنەوە ، هەرچەندە من نامەوێت ئەمە تێکەڵ بە زروفی شەخسیی ئەو لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیی و ڕژێمدا بکەم ، بەڵام کە ئەمە بەراورد ئەکەم لەگەڵ ئەوانەی ئازاری منیان دا لە ژیانی سیاسیمدا و ژانی زۆریان کردە دڵمەوە و بە هەموو شێوەیەک پەلاماریاندام... جیاوازیی نێوان ئاسمان و ڕێسمان ئەبینم! ڕەنگە کەسانێک هەبن و بە من بڵێن: بۆچی سکاڵا و گازندە ئەکەیت و ئەم قسانە هەڵدەڕێژیت؟ سودیان چییە؟
لە وەڵامدا ئەڵێم: ئەوانەی من نوسیومن هەمووی مانای ڕەوشتیی و سیاسی خۆی هەیە و ڕەنگە دەرس و پەندی باش بدەنە ئەوانەی ئەیانەوێت باش لە مەسەلەکان بگەن و هەڵسەنگاندنی نوێ و زانستانە بۆ کەسەکان ، دیاردەکان ، ڕووداوەکان ، بۆ خەبات و تێکۆشان بکەن ، لە داهاتوودا و هەر شتەش مافی خۆی بدەنێ.

ستۆکهۆڵم
2009-02-28
Kadir_arif@hotmail.com